https://www.doi.org/10.31918/twejer.2142.15

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

# ڕۆڵی توێژەری کۆمەڵایەتی لە دادگاکانی باری کەسێتی و توندوتیژیی خێزانی

## توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری هەولێر

د. ئەسرین زرار قادر

زانکۆی سەلاحەددین/هەولێر-کۆلێژی ئاداب- بەشی کۆمەڵناسی

asrin.qader@su.edu.krd

**پوختە**

کاتێک یاسا بە تەنیا ناتوانێت لێکۆڵینەوە و چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتییەکان بکات، بە تایبەتیش کاتێک کێشەکان پەیوەست دەبن بە خێزان و ژیانی تایبەتییەوە، لەو کاتەدا، پێویستیی کۆمەڵگا بۆ توێژەری کۆمەڵایەتی زیاتر دەبێت. ئەم توێژینەوەیە ئامانجی ئەوەیە بزانێت چۆن توێژەری کۆمەڵایەتی بە ڕۆڵی پیشەیی خۆی هەڵدەستێت لەناو دادگادا. بۆ ئەم مەبەستە بە پشتبەستن بە تیۆری ئەرکگەرایی زانا ئۆتۆ ڕانک، هەروەها میتۆدی چۆنایەتی و بەکارهێنانی ئامرازەکانی تێبینیکردن و ئەنجامدانی چاوپێکەوتنی ڕێکخراو لەگەڵ نموونەیەکی شارەزا کە پێکدێن لە :(10) پارێزەر لە دادگای باری کەسێتی/ هەولێر، هەروەها (15) کەیسی دادگای توندوتیژیی خێزانی/ هەولێر، هەوڵدراوە لەبەر ڕۆشنایی بۆچوونی نموونەکە، هەڵسەنگاندن بۆ ڕۆڵی توێژەری کۆمەڵایەتی لە هەردوو دادگای ناوبراودا بکرێت. زانیارییە تۆمارکراوەکان کە وەڵامی (8) پرسیاری کراوە لەخۆدەگرن، بە لەبەرچاوگرتنی جیاوازیی هەردوو کۆمەڵەی نموونەکە، بە ئامرازی شیکاریی بابەتی شیکردنەوەیەکی چۆنایەتییان بۆ ئەنجامدراوە. ئەنجامی شیکردنەوەی زانیارییەکان، بەو ئەنجامانەی گەیاندین کە بە گشتی توێژەری کۆمەڵایەتی لە دادگادا ڕۆڵێکی بێکاریگەری و لاوازی هەیە، ڕاپۆرتەکان وێڕای بوونی پێگەی یاسایی، بەڵام لە دادگادا دەسەڵاتی بڕیاردانیان نییە. ڕێگرییە خودی، ماددی و بابەتییەکان هۆکارن لە دروستکردنی ئەم ڕەوشە. لێژنەی ئاشتەوایی، بە هەمان شێوە نەیتوانیوە لە ئاست چاوەڕوانی و داواکارییەکانی بەشێک لە کەیسەکانی بێت، سەرەڕای ئەوەی بۆ بەشێکیان ڕێنمایی و هەوڵەکانی بەپێی پێویست و جێگای ڕەزامەندییان بووە.



وشە کلیلییەکان: توێژەری کۆمەڵایەتی، گرفتار، دادگای باری کەسێتی، دادگای توندوتیژیی خێزانی.

## ڕۆڵی توێژەری کۆمەڵایەتی لە دادگاکانی باری کەسێتی و توندوتیژیی خێزانی

## توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری هەولێر

### پێشەکی

توێژەری کۆمەڵایەتی، ئەو شارەزا پیشەییەیە کە ئەرکی لێکۆڵینەوە و چارەسەرکردنی کێشە کەسی و خێزانییەکان لەئەستۆدەگرێت. لە هەموو بوار و دامەزراوەکانی کۆمەڵگادا، بوونی توێژەر پێویستە، چ دامەزراوە گشتییەکان، یان ئەو دامەزراوانەی کە بە تایبەتی بۆ چینێکی دیاریکراو دروستکراون و پێویستییان بە چاودێریی و خزمەتگوزاریی تایبەت و جیاواز هەیە. دادگا وەک جۆرێک لە دامەزراوە گشتییەکانی کۆمەڵگا، ئەو شوێنە هەستیارە گرنگەیە کە توێژەری کۆمەڵایەتی بەپێی یاسا ڕۆڵی تێدا دەبینێت. بە ڕۆڵی پیشەیی خۆی، لێکۆڵینەوە، بەدواداچوون و هەوڵی چارەسەری دەدات بۆ کێشە خێزانییەکانی وەک: تەڵاق، جیابوونەوە، ئامێزگیریی منداڵ و تد... لەو کێشانەی کە تایبەتن بە دادگای باری کەسێتی، هەروەها هەموو ئەو کێشە کەسی و خێزانییانەی کە دەچنە بازنەی داوا سزاییەکان کە تایبەتن بە دادگای توندوتیژیی خێزانی. توێژەری کۆمەڵایەتی بە تەنیا مامەڵە و هەڵسوکەوت لەگەڵ گرفتاردا ناکات وەک بوونێکی تەنیا و دابڕاو لەو واقیعەی کە تێیدا دەژی، بەڵکو لە واقیعێکی گرێدراو بە تەواوی لایەن و بوارەکانی ژیانی لێی دەڕوانێت. واتە مامەڵەکردن لەگەڵ هەڵوێستەکە، لەگەڵ تەواوی ئەو کێشانەی کە پێوەی پەیوەستن (عبدالخالق،273:2008). کەواتە کێشەی گرفتارێک لە دادگادا تەنیا کێشەیەکی یاسایی-کەسی نییە، بەڵکو کۆمەڵایەتی، خێزانی و ئابووریشە. ئەم ڕاستییە بەرپرسیارێتییەکی گەورەتر دەخاتە ئەستۆی توێژەری کۆمەڵایەتی کە پێویست دەکات لە تەواوی ڕەهەندەکانی

کێشەکان بکۆڵێتەوە بۆ گەیشتن بە چارەسەری گونجاو. لەم توێژینەوەیەدا تیشکخراوەتەسەر هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی توێژەری کۆمەڵایەتی لە هەردوو دادگای ناوبراودا. کێشە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێستادا بە ڕادەیەک زیادیان کردووە، فشارێکی زۆری لەسەر دادگاکان دروستکردووە، هەروەها بەرپرسیارێتییەکی سەختی خستۆتەسەر توێژەری کۆمەڵایەتی. ئەم بارودۆخە پێویستی بە بایەخپێدانی تایبەت و دابینکردنی پێداویستییە پیشەییەکان هەیە تاوەکو توێژەر بتوانێت ڕۆڵێکی ئەرێنی و کاریگەر ببینێت لە چارەسەرکردن و کەمکردنەوەی ڕێژەی تەڵاق و کێشە خێزانییەکانی تر. بە ڕێنمایی و پێشنیازەکانی بەرچاوڕوونی بدات بە دادگا بۆ بڕیاردانی دروست دەربارەی کەیسەکان. ئەم توێژینەوەیە، وێڕای پوختە و پێشەکییەکەی، لەم بەشانە پێکهاتووە: بەشی یەکەم/ ڕەگەز و چەمکە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە. بەشی دووەم/ خەسڵەت و بەرپرسیارێتییە پیشەییەکانی توێژەری کۆمەڵایەتی لە دادگاکانی باری کەسێتی و توندوتیژیی خێزانی. بەشی سێیەم/ خستنەڕووی تیۆر و توێژینەوەکانی پێشوو. بەشی چوارەم/ ڕێکارە مەیدانییەکان و خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیاریی و ئەنجامەکانی توێژینەوەکە. لە کۆتاییدا لیستی سەرچاوەکان و پاشکۆی پرسیارەکانی چاوپێکەوتن خراونەتەڕوو.

**بەشی یەکەم/ ڕەگەز و چەمکە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە**

**یەکەم: ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە**

## 1_ پرسی توێژینەوەکە

لە دادگاکانی باری کەسێتی و توندوتیژیی خێزانی لە هەرێمی کوردستاندا، لەپاڵ پارێزەران توێژەرانی کۆمەڵایەتی هەوڵدەدەن کێشە کەسی و خێزانییەکان چارەسەربکەن. ناسەقامگیریی بارودۆخی ئابووری

و کێشە کۆمەڵایەتییەکان لە هەرێمی کوردستان، ڕۆژ دوای ڕۆژ زیاتر دەبن، ئەم بارودۆخەش کەم تا زۆر کاریگەریی لەسەر تەواوی بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دادەنێت. لە ساڵی2014وە بڕینی بودجەی هەرێمی کوردستان لە لایەن حکومەتی عێراق، هەروەها زۆربوونی ژمارەی ئاوارەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق، کە لە ماوەی ساڵێکدا ژمارەیان بوو بە (2,834,676) کەس ( UNAMI,2015)، سەرەڕای پەنابەرانی کوردانی ڕۆژئاوا بۆ شارەکانی هەرێمی کوردستان، هەروەها بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاریی و سستبوونی دیاردەی کڕین و فرۆشتن، وێڕای دەرکەوتن و تێکەڵاوبوونی زیاتری گرووپی ئیتنی، کلتووری، ئاینی و ئاینزایی جیاواز لە هەرێمی کوردستاندا، هەموو ئەم ڕووداوانە بارودۆخێکی تایبەت و نوێیان دروستکردووە، کێشە خێزانی و کۆمەڵایەتییەکان زیادیان کردووە. هەڵە نییە ئەگەر وەکو ئەنجامێکی ئەم بارودۆخە سەیربکرێن. بەپێی ئاماری ئەنجومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستان، ژمارەی تەلاق و جیابوونەوە لە هەرسێ پارێزگای هەولێر، سلێمانی و دهۆک لە ساڵانی 2017(5729), 2018(9192), 2019 (10883) حاڵەت تۆمارکراون (ئەنجومەنی دادوەری,2019:2-1). بە ڕوانین لەم ژمارانە، دەردەکەوێت کە ئەم دیاردەیە ساڵ دوای ساڵ لە زیادبووندایە.

هەرچەندی قەبارەی کێشەکان گەورەتر بن، ئەرک و بەرپرسیارێتییەکانی توێژەری کۆمەڵایەتی زیاتر دەبن. بەهۆی هەستیاریی ئەو کەیسانەی کە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات پێویستی بە هاوکاری و دروستکردنی کەشێکی گونجاو هەیە، تا بتوانێت بە شێوەیەکی ئەرێنی بە ڕۆڵی پیشەیی خۆی هەڵبستێت لە یەکلاکردنەوەی کەیسەکانی دادگا و دۆزینەوەی ڕێگا چارەی گونجاو بۆ کێشەکان. لەم توێژینەوەیەدا پرسی سەرەکی بریتییە لە: ڕوونکردنەوەی ڕۆڵ و بەرپرسیارێتییە پیشەیی و

ئاکارییەکانی توێژەری کۆمەڵایەتی بەرانبەر بە کەیسەکانی دادگا. لە ڕوانگەی بۆچوونەکانی نموونەی توێژینەوەکە، هەوڵدراوە بەپێی پێویست هەڵسەنگاندن بۆ ڕۆڵی توێژەری کۆمەڵایەتی بکرێت لە هەردوو دادگای باری کەسێتی و توندوتیژیی خێزانی، سەبارەت بە چۆنیەتی بەشداریکردنی لە چارەسەرکردنی کێشەکان.

## 2_ پرسیارەکانی توێژینەوەکە

لە چوارچێوەی پرسی بابەتی توێژینەوە و ئامانجە سەرەکییەکەی، پرسیارە جەوهەرییەکانی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانەدا کۆدەکەینەوە:

توێژەری کۆمەڵایەتی چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ کەیسەکانی دادگادا دەکات؟

ئەو ڕێکارە یاساییانە چین کە دەیگرێتەبەر لە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکان؟

چۆن لە نێوان لایەنە ناکۆکەکان بە ڕۆڵی ناوەندگیری هەڵدەستێت؟

## 3_ گرنگیی توێژینەوەکە

هەر توێژینەوەیەکی زانستی گرنگیی تایبەتیی خۆی هەیە لە خستنەڕووی مەعریفە و زانیاری دەربارەی ئەو بابەتەی کە توێژینەوەی لەسەر ئەنجامدەدرێت. خستنەڕووی ڕەوشی کارکردنی توێژەری کۆمەڵایەتی لەپاڵ پارێزەران لەنێو دادگادا، لە یەکلاکردنەوەی کێشە کەسی و خێزانییەکان، گرنگی و ڕۆڵ و بەرپرسیارێتی ئەو پیشەیە دەردەخات. لە بارودۆخی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستاندا، زۆربوونی کێشە کۆمەڵایەتی و خێزانییەکان، پێویستێتی کۆمەڵگای بۆ ئەم

پیشەیە و ڕۆڵی توێژەری کۆمەڵایەتی لە چارەسەرکردنی کێشەکان زیاترکردووە. ئەگەر پارێزەران لە ڕووی یاساییەوە ڕێگاچارەی گونجاو بۆ کەیسەکانی دادگا دابنێن، ئەوا توێژەرانی کۆمەڵایەتی وەک ڕێنماییکار و ڕێنیشاندەر، دەتوانن ڕۆڵێکی بایەخدار بگێڕن لە کۆتاییهێنان بە ناکۆکی و کێشە خێزانییەکان. لەم گۆشەنیگایەوە، ئەم توێژینەوەیە هەوڵیداوە ڕۆڵ و بەرپرسیارێتییەکانی توێژەری کۆمەڵایەتی بخاتەڕوو، وەک لایەنێکی نێوەندگیر لە نێوان لایەن و کەسە ناکۆکەکان، بە مەبەستی بچووککردنەوەی بازنەی لێکتێنەگەیشتنەکانی نێوانیان. پشتبەستن بە تیۆر و توێژینەوەکانی پێشوو، میتۆد و نموونەی وەرگیراو لە واقیعی کۆمەڵگا، هەروەها کۆکردنەوەی داتا و خستنەڕووی ڕەوشی کارکردن و بەرپرسیارێتییەکانی توێژەری کۆمەڵایەتی لە ڕێگای نموونەیەکی شارەزا کە پێکدێن لە پارێزەرانی دادگای باری کەسێتی و کەیسەکانی دادگای توندوتیژیی خێزانی لە شاری هەولێر، کە بەرکەوتنی ڕاستەوخۆیان لە هەڵوێستی پیشەییدا لەگەڵ توێژەرە کۆمەڵایەتییەکان هەیە، ئاستی وردی و ڕاستێتی زانیارییە مەیدانییەکانی توێژینەوەکە زیاتر دەردەخەن.

**4- ئامانجەکانی توێژینەوەکە**

ئەم توێژینەوەیە بەدوای بەدیهێنانی ئامانجێکی سەرەکییە ئەویش بریتییە لە: ڕوونکردنەوەی ڕۆڵ و بەرپرسیارێتییە پیشەییەکانی توێژەری کۆمەڵایەتی، کە ئەم ئامانجە لاوەکییانە دەگرێتەخۆ:

ڕوونکردنەوەی هەڵوێستی پارێزەرانی دادگای باری کەسێتی/ هەولێر سەبارەت بە ڕۆڵی توێژەری کۆمەڵایەتی لە بەشداریکردن لە بڕیارەکانی دادگا.

خستنەڕووی تێڕوانینی کەیسەکانی دادگای توندوتیژیی خێزانی/ هەولێر سەبارەت بە ڕۆڵی توێژەری کۆمەڵایەتی لە پێدانی ڕێنمایی و چارەسەرکردنی کێشەکانیان.

## 5_ ئێتیکەکانی توێژینەوەکە

بۆ پابەندبوون بە ئێتیکی توێژینەوەکە، ئەمانەتی سەرچاوە بەکارهێنراوەکان پارێزراون. سەبارەت بە کۆکردنەوەی زانیارییە مەیدانییەکان، ئامرازی چاوپێکەوتن بەکارهێنراوە، چونکە بەهۆیەوە دەتوانرێت گفتوگۆی ورد و چڕ ئەنجامبدرێت لەگەڵ یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە، بۆ ئەم مەبەستەش ئامێری دەنگتۆمارکردن بەکارهێنراوە. بۆئەوەی ئازادییەکی تەواو و ئاسودەیی ببەخشین بە یەکەکانی نموونەکە، بە تایبەتیش کە بەشێکیان لە کەیسەکانی دادگای توندوتیژیی خێزانی بوون، ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵیان کارێکی ئاسان نەبوو بەهۆی هەستیاریی بارودۆخی کێشە کەسییەکانیان، بۆیە لەگەڵ هەر یەکێکیان چاوپێکەوتنێکی تاکەکەسی ڕێکخراو، بە ئاڕاستەکردنی چەند پرسیارێکی کراوە، ئەنجامدراوە. هەڵبەت بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندیی تەواوی یەکەکانی نموونەکە، توێژەر پێناسی کەسی و ئەکادیمی، هەروەها ئامانج لە ئەنجامدانی توێژینەوەکەی ڕوونکردۆتەوە. لەدوای وەرگرتنی ڕەزامەندی بۆ ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵیان، وەک ئەرکێکی ئاکاری و پێویستییەکی پیشەیی، هەروەها وەک ڕێزێک بۆ ئەو متمانەیەی کە بەخشیان لە پێدانی زانیاری و ڕاستییەکانی پەیوەست بە بابەتی توێژینەوەکە، ناوی ڕاستەقینەی پارێزەران پارێزراوە. تەنها ئاماژە بە پیتی

یەکەم و دووەمی ناوەکانیان کراوە، هەروەها کەیسەکانی لیژنەی ئاشتەوایی بە ژمارە ئاماژەیان بۆکراوە و دڵنیایی پاراستنی ناسنامە و زانیارییەکانیان پێدراوە. سەبارەت بە ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، بەپێی پێویست بە شێوەیەکی بابەتی، ڕاستییە بەدەستهاتووەکان خراونەتەڕوو.

**دووەم: چەمکە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە**

**1ـ ڕۆڵ**

ڕۆڵ یەکێکە لە چەمکە گرنگەکانی کۆمەڵناسی، بایەخی تایبەتی پێدەدرێت. تاکەکان ڕۆڵی تایبەت و دیاریکراویان هەیە، هەر لە ڕێگای ئەو ڕۆڵەوە ئەرکە پیشەییەکانیان دەستنیشاندەکرێن. ڕۆڵ چەمکێکی پێوەرییە، لەسەر ئەو شتانە بونیادنراوە کە چاوەڕێدەکرێت تاکەکەس ئەنجامیبدات (موحسنی، 250:2006). واتە ڕۆڵی کۆمەڵایەتی ئەو پێگەیە کە تاک دەیگرێت و ئەرک و مافە کۆمەڵایەتییەکانی دیاریدەکات. هەر ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتی کۆمەڵێک ئەرک و مافی کۆمەڵایەتیی دیاریکراوی هەیە. ئەرکەکان کۆمەڵێک هەڵسوکەوتن، مافەکانیش ئەو تایبەتمەندی و پاداشتانەن بە ڕۆڵ دەبەخشرێن، دوای ئەنجامدانی ئەرکەکان (ئەلحەسەن،2012:274-273). بەپێی بابەتی ئەم توێژینەوەیە پێناسەی ڕێکاری بۆ چەمکی ڕۆڵ بریتییە لەو بەرپرسیارێتییە پیشەییەی کە توێژەری کۆمەڵایەتی جێبەجێیدەکات لەنێو دادگاکانی باری کەسێتی و توندوتیژیی خێزانی، بە ئامانجی چارەسەرکردنی کێشە و ململانێ کەسی و خێزانییەکان.

**2ـ توێژەری کۆمەڵایەتی**

توێژەری کۆمەڵایەتی کەسێکە لە ڕووی پیشەییەوە ئامادەکراوە بۆ ئەنجامدانی ئەرکە پسپۆڕییەکەی. ڕۆڵی توێژەر، ئەنجامدانی توێژینەوەیە

لەو گۆڕانکارییە جیاوازانەی کە لە کۆمەڵگا ڕوودەدەن، بە ئامانجی دانان و دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ کێشە کۆمەڵایەتییەکان. توێژەری کۆمەڵایەتی لە دادگاکان ڕۆڵی جیاوازی هەیە، وەکو: هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نێوان ژن و مێرد و خێزان بە گشتی، لێکۆڵینەوەی تاوانەکانی نەوجەوانان و هۆکارەکانی، هەروەها داواکردنی بەناوکردنی منداڵ بۆ ئەو هاوولاتییانەی بەخێوکردنی منداڵ دەگرنەئەستۆ (محمد,1:2018). لە لایەکی تر توێژەری کۆمەڵایەتی پێناسەدەکرێت بەو کەسایەتییەی کۆمەڵێک خەسڵەتی تایبەتی هەیە کە بریتین لە: پاراستنی تایبەتمەندییەکان، بەتوانابوون لە هاوسۆزی، توانای ڕێکخستن، کارامەیی لە گوێڕاگرتن، سادەیی، هەبوونی مەعریفەی پێویست (جابر,1:2018). لە کۆتاییی ئەو پێناسانەدا دەکرێت پێناسەی ڕێکاری بۆ چەمکی توێژەری کۆمەڵایەتی بریتی بێت لەو پیادەکارە پیشەییەی کە بە ڕۆڵی ناوەند هەڵدەستێت بۆ چارەسەرکردنی کێشە خێزانییەکان لە دادگاکانی باری کەسێتی و توندوتیژیی خێزانی لە هەرێمی کورستاندا، بە ئامانجی کەمکردنەوەی ڕێژەی تەڵاق و جیابوونەوە یان چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکییەکانی نێوان تاکەکان و خێزانەکان لە کۆمەڵگای کوردیدا.

**3_ دادگای باری کەسێتی**

لە ماددەی (26)ی یاسای ڕێکخستنی دادوەریی عێراقی ژمارە (160) ساڵی1979 هاتووە کە دادگایەکی باری کەسێتی یان زیاتر دادەمەزرێنرێت لە هەر شوێنێک کە دادگای بەرایی لێبێت. بەپێی بڕگەی (1) لە ماددەی (28)ی یاسای ناوبراو، ئەم دادگایە بە یەک دادوەر دەبەسترێت و تایبەتە بە تێڕوانین لە پرسەکانی باری کەسێتی، بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە. لە بڕگەی (2)دا هاتووە دادوەری دادگای بەرایی (موسڵمان) دادوەری دادگای باری کەسێتی دەبێت، لە حاڵەتی نەبوونی دادوەری تایبەتمەند بۆی (قانون التنظيم القضائي،1979). بابەتەکانی ئەم دادگایە دەیگرێتەوە

بریتین لە: سەرپەرشتیاری، هاوسەرگیری، مارەیی، بژێوی، ڕەچەڵەک، ئامێزگیری، دایەنی، جیابوونەوە، تەڵاق، سەلماندنی شایستەیی، دەسەڵاتبەندکردن و هەڵگرتنی دەسەڵاتبەندی، سەلماندنی مردن، میراتگری، بینین و مانەوەی منداڵ لای دایک و باوک... تد (التميمي،1:2013). لە یاسای دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمی کوردستان_عێراق ژمارە (23)ی ساڵی2007، مادەکانی (25,26,27) جەخت لەسەر ناساندنی ئەم دادگایە دەکاتەوە، بە هەمان شێوە کە لە دەقی ماددەکانی یاسای ڕێکخستنی دادوەریی عێراقدا هاتووە (ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان_ئێراق،2007).

دەکرێت پێناسەی ڕێکاری بۆ دادگای باری کەسێتی بەپێی بابەتی توێژینەوەکە بەم شێوەیە بێت: بریتییە لە دادگایەکی تایبەتمەند کە لەنێو دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر/1، داواکانی تایبەت بە هاوسەرگیری، جیابوونەوە، تەڵاق، نەفەقە، لەخۆگرتنی منداڵ و... تد وەردەگرێت و بە بڕیاری یاسایی یەکلاییاندەکاتەوە. لەم دادگایەدا توێژەری کۆمەڵایەتی ئەرکی ئەنجامدانی چاوپێکەوتن و نووسینی ڕاپۆرتی دەربارەی کەیسەکانی جیابوونەوە پێسپێردراوە، تەڵاق و کاروبارەکانی پەیوەست بەم کەیسانە، دواتر بەرزکردنەوەی ڕاپۆرتەکە بۆ دادوەری داداگای تایبەتمەند، بە مەبەستی بڕیاردان لەسەری.

### 4- دادگای توندوتیژیی خێزانی

بە مەبەستی چارەسەرکردن و یەکلاکردنەوەی یاساییانەی ئەو کێشانەی لایەنی سزایی هەیە و دووچاری ئەندامانی خێزان دەبنەوە، لە هەرێمی کوردستاندا، دادگایەکی تایبەت بە ناوی دادگای توندوتیژیی خێزانی دامەزراوە. بە بڕیاری پەرلەمانی کوردستان_عێراق، یاسای ژمارە (8)ی ساڵی2011ی تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی خێزان لە توندوتیژی لە

هەرێمی کوردستان_عێراق، دەرچوو. لە ماددەکانی (2_1)دا پێناسەی ئەم دادگایە کراوە بە دادگای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانی. هەموو جۆرە توندوتیژییەکی جەستەیی، دەروونی و سێکسی دەگرێتەوە کە بەرانبەر بە ئەندامانی خێزان ئەنجامبدرێن. بەپێی ماددەی (3) دادگایەکی تایبەتمەند بە بابەتەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانی پێکدەهێنرێت، بەپێی یاسای دەسەڵاتی دادوەریی هەرێم ژمارە (23)ی ساڵی2007 (پەرلەمانی کوردستان_عێراق،2011). پێناسەی ڕێکاری بۆ دادگای ناوبراو بەپێی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە: دادگایەکی تایبەت بە وەرگرتنی کێشە کەسی و خێزانییەکانی پەیوەست بە توندوتیژیی خێزانی لە هەرێمی کوردستاندا. لەم دادگایەدا توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە لێژنەی ئاشتەوایی، ڕۆڵی نێوەندگیری دەبینن لە نێوان ئەو لایەنانەی کێشەیان هەیە، بە مەبەستی پێدانی ڕێنمایی و ئامۆژگاری بۆ چارەسەرکردن و یەکلاکردنەوەی کێشەکان، بەر لەوەی بڕیاری یاساییان لەسەر بدرێت.

## بەشی دووەم/ خەسڵەت و بەرپرسیارێتییە پیشەییەکانی توێژەری کۆمەڵایەتی لە دادگاکانی باری کەسێتی و توندوتیژیی خێزانی

### یەکەم: خەسڵەتەکانی توێژەری کۆمەڵایەتی

بوون بە توێژەری کۆمەڵایەتی کارێکی ئاسان نییە، چونکە ئەم کەسایەتییە پیشەییە جیاوازە بە بەراوورد بە کەسایەتیی ئاسایی. ئەم جیاوازییە، کۆمەڵێک خەسڵەت و تایبەتمەندی بە کەسایەتیی توێژەری کۆمەڵایەتی دەبەخشن لە گرنگترینیان ئەمانەن:

#### ١. ئامادەباشی کەسی

بوونی کۆمەڵێک خەسڵەت لە کەسایەتیی توێژەری کۆمەڵایەتی کە وایلێدەکات زیاتر بەتوانا و ئامادەبێت بۆ جێبەجێکردنی ڕۆڵی پیشەیی،

پێویستییەکی گرنگە. ئەو خەسڵەتە کەسییانەی لە ڕێگای ژینگەی پەروەردەکردنی خێزانی، ئەزموونەکانی ژیان، تێکەڵاوبوون و دروستکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵایەتی دروستدەبن. لە نموونەی ئەو خەسڵەتە کەسییانە وەک: متمانە و بڕوا بە هێز و توانای خودی، توانای گفتوگۆکردن و بڕواهێنان بە خەڵک، توانای کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونەکان و هاوسەنگیی دەروونی، حەوسەڵە و ئارامگرتن، بابەتیبوون و واقیعبینی، توانای گوێگرتن و تێگەیشتن لە بەرانبەر، ئارەزوو لە کاری کۆمەڵایەتی و دروستکردنی پەیوەندی، نهێنیپارێزی، گیانی خۆبەخشی و بێبەرانبەری لە کاردا... تاد (قادر،31:2019).

## ٢. ئامادەکردنی پیشەیی

شارەزایی و کارامەییی زانستی لە بواری پیشەییدا یارمەتی توێژەری کۆمەڵایەتی دەدەن بۆ سەرکەوتن، چونکە بوونی بنەمای مەعریفی و زانیاریی پێویست، هاوکار دەبن لە بەکارهێنانی شێوازی زانستیانە و گونجاو بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکەی. ئامادەکردنی پیشەیی بۆ توێژەری کۆمەڵایەتی، قۆناغی جیاواز لەخۆیدەگرێت. لە خۆدەوڵەمەندکردن بە کۆمەڵێک زانیاریی تیۆریی دەربارەی بابەت و زانستە مرۆڤایەتییەکان دەستپێدەکات، دواتر بەشداربوون لە خول و ڕاهێنانی تیۆری وەک گوێگرتن یان پێشکەشکردنی بابەتی زانستی، هەروەها بەشداریکردن لە خولی ڕاهێنانی کرداری. کۆی گشتیی ئەم قۆناغانە پرۆسەی ئامادەکردنی پیشەیی بۆ توێژەری کۆمەڵایەتی بەڕێوەدەبەن. (برهم،83:2005)

دەکرێت بوونی ئەم خەسڵەتانە تواناسازی و ئامادەباشی بۆ توێژەری کۆمەڵایەتی فەراهەمبکەن لە پابەندبوون بەم بنەمایانەی خوارەوە:

١. کارکردن لە پێناو بەرژەوەندییەکانی گرفتار(خاوەن کێشە)، دوورکەوتنەوە لە خراپەکاریی چ بە کردەوە یان ئاماژەبۆکردن.

٢. بابەتیبوون و ئازادبوون لە هەموو شێوەکانی دەمارگرژی و لایەنگیری بۆ (ڕەگەز، ڕەنگ، ئاین، نەژاد، ناوچەگەریێتی و تاد...).

٣. پابەندبوون بە بەهاکانی خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی لە پیادەکردنی پیشەیی، پارێزگاریکردن لە سنووری پەیوەندیی پیشەیی.

٤. ڕاستگۆیی لەگەڵ گرفتار، باسکردنی کێشەکە بۆی بەشێوەیەکی ڕاست و ڕەوان بەبێ کەمکردنەوەی ئاستی مەترسیدارییەکەی.

٥. بەکارهێنانی ئامرازی گونجاوی تۆمارکردن وەکو: تۆمارکردنی دەنگی، وێنەیی و نووسراو.

٦. پاراستنی نهێنیی زانیارییەکانی گرفتار و دڵنیاکردنەوەی لە پارێزراوییان.

٧. سوودبینین لە زمانی جەستە، تێگەیشتنی تەواو لە واتای جوڵە و وشەکانی گرفتار. دوورکەوتنەوە لە گریمانەکردنی واتا و بڕیاردانی پێشوەختە. پێدانی دەرفەتی پێویست بە گرفتار بۆ گوزارشتکردن لە کێشەکەی بە ئاسوودەیی.

٨. وردبینی و دانبەخۆداگرتن لە کاتی دەستنیشانکردنی کێشەکە. دارشتنی پلانی چارەسەرکردن و هەڵبژاردنی گونجاوترین شێوازی پیشەیی.

٩. کارامەیی لە داڕشتنی پرسیار و دوورکەوتنەوە لەو جۆرە پرسیارانەی کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە ناوەڕۆکی کیشەکەوە نییە.

١٠. کارکردن لەسەر پەرەپێدانی متمانەبەخۆبوون لە لای گرفتار (ابو عليان،2:2019).

**دووەم: بەرپرسیارێتییە پیشەییەکانی توێژەری کۆمەڵایەتی لە دادگاکانی باری کەسێتی و توندوتیژیی خێزانی**

توێژەرە کۆمەڵایەتییەکان ئەو کەسانەن کە لێکۆڵینەوە لە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی، ئاستی ڕۆشنبیری، بارودۆخی ئابووری و ژینگەی خێزانی و کۆمەڵگا دەکەن لەگەڵ ئەو کەسانەی کە کێشەی تاکەکەسی یان خێزانییان هەیە و پەنادەبەنەبەر دادگا و ڕێکارە یاساییەکان، بە ئامانجی دووبارە گونجاندنەوەیان لە ڕێگای دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەکانیان. کەواتە ئەرکیان بریتییە لە: پێدانی ڕاسپاردە و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بەو کەسانەی گرفتارن. جگە لەمە، ڕۆڵی یارمەتیدەر دەبینن بۆ دادوەران لە یەکلاکردنەوەی کێشەکان، لەو کەیسانەی داوای قەزایین، لەم ڕۆڵەشیاندا هەوڵدەدەن لە هۆکارەکانی ڕوودانی کێشەکان تێبگەن و پێشنیازی چارەسەری بدەن بە دادوەران لە ڕێگای ڕاپۆرتەکانیان. گرنگیی ڕۆڵی توێژەری کۆمەڵایەتی لە دادگادا، لەم ئەرکانەی خوارەوەدا کۆدەکەینەوە:

١. کورتکردنەوەی ڕێکارە یاساییەکان، کە زۆربەی جار دەبێتە هۆی درێژکردنەوەی ماوەی کێشەکان.
٢. لەناوبردنی ئەو بێئومێدییەی کە گرفتار یان خێزان بەهۆی کێشەکەوە تێیکەوتووە.
٣. بەشداریکردن لە تەنازولپێکردنی یەکێک لە ئەندامانی خێزان لە مافەکانی، یان پاراستنی بە تەواوی.
٤. بەشداریکردن لە تەقدیری دروست بۆ بڕیاری دادوەر (الهاشمي,2013:2_3_4).

لە عێراقدا بەپێی حوکمەکانی ماددەی (11) لە یاسای وەزارەتی داد، ژمارە (101) بۆ ساڵی1977 بە مەبەستی ڕێکخستنی کاروبارەکانی

توێژینەوەی کۆمەڵایەتی لە دادگاکانی باری کەسێتی،ساڵی 1985 کۆمەڵێک ڕێنمایی دەرچوون. لە ماددەی (1)ی ئەم ڕێنماییانە هاتووە: نوسینگەیەک بۆ توێژینەوەی کۆمەڵایەتی دادەنرێت لە هەموو دادگاکانی باری کەسێتی، کە لە توێژەرێکی کۆمەڵایەتی یان زیاتر پێکدێت و لەگەڵ زیادبوونی ژمارەیان نوسینگەی ناوبراو سەرۆکایەتییان دەکات. بەپێی ماددەی (2) ئەم نوسینگەیە لە ڕووی کارگێڕییەوە سەربە دادوەری یەکەم دەبێت لە دادگا و لە ڕووی تەکنیکیشەوە سەربە دەستەی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی دەبێت. بەپێی ماددەی (4) ئەم نوسینگەیە لە دادگای باری کەسێتی هەڵدەستێت بە توێژینەوەی کۆمەڵایەتی لە داواکانی تەڵاق، جیابوونەوە و نەفەقە و تاد... لەو داوایانەی کە دادگا ڕێکارەکانی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی تێدا ئەنجامدەدات. لە ماددەی(5)دا هاتووە ئەوانەی لەم نوسینگەیە کاردەکەن، دەبێت دەرچووی کۆلێژی ئاداب بن لە بەشەکانی: کاری کۆمەڵایەتی، کۆمەڵناسی، دەروونناسی، یان پەیمانگای تەکنیکی بەشی ڕێنمایی کۆمەڵایەتی. تەمەنیان لە (25)ساڵ کەمتر نەبێت و وا باشترە هاوسەرگیرییان کردبێت، هەروەها لێهاتوو بن بۆ ئەم پیشەیە و ئامادەباشیی کەسییان هەبێت بۆی. بەپێی ماددەی (6) دەبێت لەو داوا و دانیشتنانەی دادگا ئامادەبن کە توێژینەوەی کۆمەڵایەتی تێدا ئەنجامدەدرێت. بەپێی ماددەی (10) دادگای باری کەسێتی دەبێت شوێنی گونجاو و پێداویستییە ماددییەکان بۆ نوسینگەی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی دابینبکات (قانون خاصة بالبحث الاجتماعي في محاكم الاحوال الشخصية،1985:). سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی باڵای دادوەریی عێراق، بڕیاری دامەزراندنی نوسینگەی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی و کاراکردنی ڕۆڵی توێژەری کۆمەڵایەتی لە دادگای باری کەسێتی داوە، بەپێی ئەم بڕیارە ڕێسای ڕێکخستنی کاری توێژینەوەی کۆمەڵایەتیی ژمارە (1)ی ساڵی2008ی دەرکردووە، کە تیایدا ڕێوشوێنەکانی کارکردنی توێژەری کۆمەڵایەتی و گرتنەبەری هەنگاوەکانی ڕۆڵە پیشەییەکەی دیاریکراوە. لە

گرنگترین ئەو ڕێسایانە وەرگرتنی کەیسی تەڵاق و هەندێک کەیسی ترە، کە یەکێک لە هاوسەران پێشکەشی نوسینگەی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی دەکات بەرلەوەی دادگا بڕیاری کۆتایی لەسەر بدات، بە مەبەستی ئاشتکردنەوەی دوو هاوسەرەکە و چارەسەرکردنی کێشەکەیان. ئەم ئەرکەی توێژەری کۆمەڵایەتی لەژێر چاودێریی سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای دادوەری دەبێت و ئاماری مانگانە، وەرزی و ساڵانەی خۆی دەربارەی بەدواداچوون و چارەسەرکردنی کەیسەکان، پێشکەش بە ئەنجومەنی ناوبراو دەکات (الكناني,1:2011). جێی ئاماژەیە، لە یاسای باری کەسێتی، ژمارە (188) ساڵی 1959، لە ماددەی (34) بڕگەی (2)دا، هاتووە: ڕێگە بە بریکاردار نادرێت بۆ هاوسەران لە ڕێکارییەکانی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی، یان بڕیاردان، یان ڕوودانی تەڵاق (قانون الاحوال الشخصية،1959). ئامانج لە ناوەڕۆکی ئەم ماددەیە ئەوەیە کە پێویستە هاوسەران خۆیان ئامادەبن لە لای توێژەری کۆمەڵایەتی، نەوەک بریکارەکانیان، بە مەبەستی وەرگرتنی ڕێنمایی و کەمکردنەوەی جیاوازی و ناکۆکییەکانی نێوانیان، تاوەکو توێژەر بتوانێت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر دروستبکات.

وەک ئاشکرایە لە هەرێمی کوردستاندا، ئەزموونی کارکردنی توێژەرە کۆمەڵایەتییەکان لە دامەزراوە خزمەتگوزارییەکان بە گشتی و دامەزراوە یاساییەکان بە تایبەتی، مێژوویەکی درێژی نییە. بەرپرسیارێتی یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکانی نێوان دوو لایەن، بەقەد گرنگییەکەی، کارێکی سەختە، پێویستی بە هەوڵ و ماندووبوونی زۆر هەیە. توێژەرە کۆمەڵایەتییەکان لەنێو دامەزراوە یاساییەکانی هەرێمی کوردستان، وێڕای دادگای نەوجەوانان، لە دوو دادگای تردا ڕۆڵ و بەرپرسیارێتییان پێدراوە، سەبارەت بە یەکلاکردنەوەی کێشە کەسی و خێزانییەکان کە بریتین لە: دادگای باری کەسێتی و دادگای توندوتیژیی خێزانی. بە جیاوازیی ئەم

دوو دادگایە، شێوازی کارکردنی توێژەرە کۆمەڵایەتییەکانیش جیاوازن. سەبارەت بە دادگای باری کەسێتی کە تایبەتە بە داواکانی تەڵاق، جیابوونەوە، نەفەقە، لەخۆگرتنی منداڵ، مۆڵەتی بینینی منداڵ دوای تەڵاق و تاد...، ئەرکی توێژەری کۆمەڵایەتی نووسینی ڕاپۆرتە دەربارەی ئەم داوایانە، دواتر بەرزکردنەوەی بۆ دادوەر، بە مەبەستی بڕیارلێدان و خستنە بواری جێبەجێکردنەوە. لەم ڕاپۆرتەدا توێژەری کۆمەڵایەتی لەگەڵ هەردوو لایەنی کێشەکە چاوپێکەوتن ئەنجامدەدات، بە مەبەستی وەرگرتنی زانیاری دەربارەی ڕوودانی کێشەکە و وەرگرتنی بڕیاری کۆتایی لە لایەن دادخواز سەبارەت بە یەکلاکردنەوەی کێشەکەی. لەم چاوپێکەوتنەدا ژن و مێردەکان پێکەوە ئامادەدەبن و وتەکانیان وەردەگیرێت، ئەگەر کێشەکە داوای تەڵاق یان جیابوونەوە بێت، بەڵام لە داواکانی تر کە لەسەرەوە ئاماژەی بۆ کراوە مەرج نییە هەردوو لایەن ئامادەی چاوپێکەوتنەکە بن لە یەک کاتدا. ئەو زانیارییانەی لە ڕاپۆرتی توێژەری کۆمەڵایەتی تۆماردەکرێن سەبارەت بە کەیسەکان، لە لایەن دادگا و دادوەرەوە لەبەرچاودەگیرێن (محەمەد،2020).

بەپێی یاسای ژمارە (8)ی ساڵی2011، دادگای توندوتیژیی خێزانی دامەزراوە کە تایبەتە بە یەکلاکردنەوەی کێشە خێزانییەکان. لە ماددەی (5)ی یاساکەدا هاتووە: [پێویستە لەسەر دادگا لایەنەکانی شکات ڕەوانەی لیژنەیەک بکات کە لە شارەزا و پسپۆڕان پێکدەهێنرێت بۆ چاککردنەوەی نێوانیان پێش ئەوەی کێشەکە ڕەوانەی دادگای تایبەتمەند لەو کێشەیە بکرێت کە دەشێت ئاشتەواییان تێدابکرێت، بەمەرجێک کار لە ڕێساکانی پاراستن نەکات کە لەم یاسایە هاتووە] (پەرلەمانی کوردستان_عێراق،2011). ناوەڕۆکی ئەم ماددەیە ئاماژە بۆ پێکهێنانی لیژنەیەکی ئاشتەوایی دەکات، بەڵام ڕوون نییە ئەم لیژنەیە ئەندامەکانی کێن؟ ئەرک و بەرپرسیارێتییان چییە؟ سنووری دەسەڵاتەکانیان چەندە؟

لەبەر ئەم هۆکارانە، ڕێنمایی ژمارە (4)ی ساڵی2018، لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەرچوو. بەپێی ماددەی (1)ی ئەم ڕێنماییە، هۆبەی لیژنەی ئاشتەوایی سەربە سەنتەری ڕاوێژکاریی خێزانی دەبێت لەنێو بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان. ئەرکی ئەم لیژنەیە کارکردنە بۆ ئەنجامدانی ئاشتەوایی لە نێوان ئەو لایەنانەی بەپیی ماددەی (5)ی، یاسای ناوبراو، لە لایەن دادگاکان ئاڕاستەیان دەکرێت. بەپێی ماددەی (3)ی ڕێنماییەکە، ئەندامانی ئەم لیژنەیە لە سێ شارەزا پێکدێن (یاسایی، دەروونی و کۆمەڵایەتی_ کاری کۆمەڵایەتی) کە مەرجە هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بن، باشتر وایە لە مامۆستایانی زانکۆ بن. بەپێی ماددەی (8) دەبێت ئەم ئەندامانە ناسنامەی شارەزاییان هەبێت، کە بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان لە سەرۆکایەتیی دادگاکانی تێهەڵچوونەوەی ناوچەی تایبەتمەند دەردەچێت. جگە لە کەیسەکانی دادگا، کەیسی تر ڕەوانەی ئەم لیژنەیە دەکرێن لە ڕێگای هێڵی گەرمی (119)وە کە بە شێوەی ئارەزوومەندانە داوای ڕاوێژ و هاوکاریی لە سەنتەری ڕاوێژکاریی خێزانی دەکەن و نایانەوێت سکاڵای یاسایی تۆماربکەن. بەپێی ماددەی (5) نووسراوەکانی دادگا، نووسینگە و بنکەکانی پۆلیس ڕاستەوخۆ ئاڕاستەی بەشی سەنتەری ڕاوێژکاریی خێزانی/ هۆبەی ئاشتەوایی دەکرێن. پێویستە لیژنەی ئاشتەوایی لە ماوەی یەک هەفتە لە گەیشتنی نووسراوەکان، کاری پێویست ئەنجامبدات و لە ماوەی دوو هەفتەدا، ڕاپۆرتی کۆتایی ڕەوانەی لایەنی داواکاری نووسراوەکان بکاتەوە (وەزارەتی ناوخۆ،2018).

جگە لە سێ ئەندامە شارەزاکەی لیژنەی ئاشتەوایی، لە کاتی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ لایەنە کێشەدارەکان، نوێنەرێکی وەزارەتی ناوخۆ ئامادەدەبێت کە دەبێت پلەی شارەزایی هەبێت لەم بوارەدا و فەرمانبەری

بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان بێت. پێشووتر مامۆستایەکی ئاینی ئەندامی لیژنەکە بووە، بەڵام لە ئێستادا وەک ئەندام بەشدار نییە لە لیژنەکەدا. ئەو کەیسانەی دێنە لیژنەی ئاشتەوایی زیاتر بریتین لە: ناپاکیی هاوسەرێتی بە پلەی یەکەم لە لایەن پیاو و بە پلەی دووەم لە لایەن ژن، خواردنەوە کحولییەکان و پشتگوێخستنی خێزان و هەڵنەگرتنی بەرپرسیارێتی لە لایەن پیاوان، هەروەها کێشەکانی پەیوەست بە خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی تەکنۆلۆجیا، بە تایبەتی لە نێوان هەرزەکاراندا. ئەگەر ئەم کەیسانە لە لیژنەی ناوبراودا چارەسەرنەکرێن، ڕاپۆرتەکانیان ڕەوانەی دادگا دەکرێنەوە، کاتێک کە لە دادگاوە نێردرابن. لە حاڵەتی چارەسەربوونی کەیسەکان، لایەنی تۆمەتبار وەک ڕێکارێکی یاسایی، پێویستە لەسەری بەڵێننامەیەک بنووسێت، لە ڕێگای دادنووس یان لیژنەی ئاشتەوایی، وەک مەرجی ئاشتبوونەوە و چارەسەربوونی کێشەکەی لەگەڵ لایەنی دادخواز. ئەم بەڵێننامەیە لە لایەن لیژنەی ئاشتەواییەوە ڕەوانەی دادگای تایبەتمەند دەکرێت، بە مەبەستی خستنە بواری جێبەجێکردنەوە (دەروێش،2020). جێی ئاماژەیە سزای دەرچوون لەم بەڵێننامەیە بەپێی ماددەی (4) بڕگەی (4) لە یاسای ناوبراو بریتییە لە: دەستگیرکردن کە لە (48) کاتژمێر زیاترنەبێت، یان پێژماردن کەمترنەبێت لە بڕی (300,000) دیناری عێراقی (پەرلەمانی کوردستان_عێراق،2011).

سەبارەت بە ڕێوشوێنەکانی چۆنیەتی ئەنجامدانی چاوپێکەوتنەکان و وەرگرتنی کەیسەکان، خشتەیەک بەم شێوەیەی خوارەوە دانراوە:

١. ڕۆژی دووشەممە تایبەتە بە وەرگرتنی کەیسەکانی دەوروبەری هەولێر.

٢. ڕۆژی سێشەممە کەیسەکانی بەڕێوەبەرایەتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی ناوەندی منارە وەردەگیرێن.

٣. ڕۆژی چوارشەممە کەیسەکانی بەڕێوەبەرایەتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی ناوەندی قەڵا وەردەگیرێن.

شێوازی وەرگرتنی زانیاری دەربارەی کێشەکان، لە ڕێگای دانیشتنی ڕاستەوخۆی دادخواز دەبێت لەگەڵ لیژنەی ئاشتەوایی. یەکەمجار دادخواز کێشەکەی دەخاتەڕوو، دواتر تۆمەتبار، ئەگەر هەردوو لایەنی کێشەکە ڕەزامەندبوون دەتوانن پێکەوە لە چاوپێکەوتنەکە بەشداربن، بەڵام لە زۆربەی کەیسەکانی ژن و مێردا، ژنەکان ئامادەنین لەگەڵ مێردەکانیان کێشەکانیان بخەنەڕوو و چاوپێکەوتنەکە ئەنجامبدەن. ئەرکی توێژەری کۆمەڵایەتی لەم چاوپێکەوتنانەدا پێدانی ڕێنمایی و ئامۆژگارییە بە هەردوو لا سەبارەت بە کێشەکەیان، وێڕای پێدانی ڕێنمایی دەروونی و یاسایی لە لایەن پسپۆڕانی دەروونی و یاساییەوە (دەرویش،2020).

سەبارەت بە ئاماری داوا یەکلاکراوەکانی هەردوو دادگای باری کەسێتی و توندوتیژیی خێزانی لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵەکانی 2017،2018،2019 ، ساڵ لە دوای ساڵ تێبینی زیادبوونی ژمارەی داواکان دەکەین، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ زیادبوونی کێشە کۆمەڵایەتی و خێزانییەکان لە هەرێمی کوردستاندا. لەم خشتەیەدا زانیارییەکان دەخەینەڕوو (ئەنجومەنی دادوەریی،2017،2018،2019):

خشتەی 2 ئاماری داوا یەکلاکراوەکانی دادگاکانی باری کەسێتی و توندوتیژیی خێزانی لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ڕووندەکاتەوە

| پارێزگاکان | دادگای باری کەسێتی | | دادگای توندوتیژیی خێزانی (کەتن) | دادگای توندوتیژیی خێزانی (لێکۆڵینەوە) |
|---|---|---|---|---|
| هەولێر | **2017** | 45 | 89 | 1429 |
| | **2018** | 8515 | 125 | 3133 |
| | **2019** | 10171 | 199 | 1322 |
| سلێمانی | **2017** | 9 | 93 | 2326 |
| | **2018** | 8687 | 108 | 1714 |
| | **2019** | 10346 | 68 | 3466 |
| دهۆک | **2017** | 234 | 183 | 1910 |
| | **2018** | 3186 | 282 | 2509 |
| | **2019** | 4550 | 273 | 2762 |

## بەشی سێیەم/ خستنەڕووی تیۆر و توێژینەوەکانی پێشوو

## یەکەم: خستنەڕووی تیۆری توێژینەوەکە و شیکردنەوەی ڕەوشی کارکردن و ڕۆڵی توێژەری کۆمەڵایەتی لە دادگاکانی باری کەسێتی و توندوتیژیی خێزانی

لە ساڵانی سییەکانی سەدەی بیستەم، تیۆری ئەرکگەرایی لە لایەن دەروونناسی نەمسایی ئۆتۆ ڕانک*Otto Rank* دەرکەوت لە بواری کارکردن لەگەڵ حاڵەتی تاکەکەسی*Casework*. لە کتێبەکانی (شۆکی

لەدایکبوون *Trauma of Berth*1924) و (چارەسەرکردنی بەویست و ڕاستی و واقیعی1927 *Will Therapy and Truth and reality*) بنەماکانی ئاڕاستە ئەرکگەراییەکەی خۆی داڕشت. بیرۆکەی سەرەکی ڕانک لە تیۆرەکەیدا، بە گەشبینی، گەشەی مرۆڤ و پەرەدان بە خودی خۆی دەناسرێتەوە. دەرکەوتنی ڕێگای کارکردن لەگەڵ حاڵەتی تاکەکەسیی ئەرکگەرایی، وەک پەرچەکردار و ڕەنگدانەوەیەکی پێچەوانەبوو بەرانبەر بە ڕێگای کارکردن لەگەڵ حاڵەتی تاکەکەسیی شیکاریی فرۆید*Freud* (Rank,1993:1). پرسە سەرەکییەکانی بیرۆکەی ڕانک لە تیۆرەکەیدا، جەخت لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە دەکاتەوە:

١. سروشتی گەشەی دەروونیی مرۆڤ، گرنگیی شارەزاییەکانی ئێستا لە دەرچوونی هێزی گەشە.

٢. جەختکردنەوە لەسەر چەمکی ویست (الارادة)، بەوەی هێزێکی کۆنترۆڵکراو و ڕێکخراوە.

٣. ئەو ڕێگایەی کە دەکرێت بەهۆیەوە یارمەتی دەروونی و کۆمەڵایەتی پێشکەشبکرێت، لە ڕێگای پەیوەندیی پیشەییەوە.

٤. گرنگیی کات و بایەخی بەکارهێنانی لە پرۆسەی یارمەتیداندا.

٥. گرنگیی بەکارهێنانی ئەرکی دامەزراوە لە پرۆسەی یارمەتیداندا (عبدالخالق،2008:47-46).

فەلسەفەی یارمەتیدان لە ئاڕاستەی ئەرکگەرایی بۆ کارکردن لەگەڵ حاڵەتی تاکەکەسی، لە سەربنەمای دروستکردنی پەیوەندیی پیشەیی و تێگەیشتنی توێژەری کۆمەڵایەتییە بۆ کردەوەکانی گرفتار، ئەمەش جەوهەری پرۆسەی چارەسەرکردنە. کەواتە پەیوەندییەکی ئاڵوگۆڕکراو لە

نێوانیان دروستدەبێت. واتە ئەم ئاڕاستەیە هەوڵێکە بۆ ڕاڤەکردنی سروشتی کارامەیی لە بەکارهێنانی ئەرکی دامەزراوە لە لایەن توێژەری کۆمەڵایەتی، هەروەها پێویستی ڕاهێنان و گەشەپێدانی توانای توێژەر لەسەر کارامەیی بەکارهێنانی پەیوەندیی پیشەیی (Rank,1945:1-2).

سەبارەت بە پرۆسەی گەشەکردنی دەروونی و کۆمەڵایەتی مرۆڤ، ڕانک جەخت لەسەر ئێستا و شارەزاییەکانی ژیان دەکاتەوە، نەوەک ڕابردووی مرۆڤ و ئەزموونەکانی ژیانی (Rank,1993:3). کەواتە چەمکی ویست لای ڕانک، بە مانای توانای مرۆڤ دێت لە داڕشتنی خود، دیاریکردنی چارەنووس و خزمەتکردنی خۆی. ویست هێزێکی شاراوە و پارێزراوە بۆ چالاکی. ئەم ویستە چالاک دەبێت لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەدا. هێزێکی بونیادنەرە بۆ پاڵنانی مرۆڤ بەرەو هێنانەدیی ئامانجەکانی، هەروەها تێپەڕاندنی ئەو کێشانەی لە مامەڵەکردن لەگەڵ چواردەوری ڕووبەڕووی دەبێتەوە. کەواتە جەوهەری چارەسەرکردن لای ڕانک، لە ڕێگای بەئاگاهاتنی ویستی بونیادنەر بۆ گرفتار دەبێت، ئەمەش لە ڕێگای تیشکخستنەسەر ئێستا دەبێت، نەوەک ڕابردوو. بەوپێیەی گرفتار هاندەدات بۆ جەختکردنەوە لە خود بە چالاککردنی ویستەکەی. بە کۆبوونەوەی توخمە بونیادنەرەکان لە کەسایەتیی گرفتار، ویستی نەرێنی دەگۆڕێت بۆ ویستی ئەرێنیی بونیادنەر (Rank,1945:17-20-86 ).

دژیەکی دەروونی لە نێوان توێژەری کۆمەڵایەتی و گرفتار، بۆ پرۆسەی چارەسەرکردن گرنگە. ویست لایەنێکی نەرێنی وەردەگرێت، ڕانک بە ویستی هاودژ (الارادة المضادة) ناوی دەبات کە بەربەست دەبێت لە چالاکیی ویست. ئەم ویستە هاودژە، لە دژی ویستی ئەوانی تر و دژی واقیع سەرهەڵدەدات (Rank,1993:79-93). ململانێی نێوان ویستی تاک و واقیعی چواردەوری، لەوەی کە دەیگرێتەوە لە ویستی ئەوانی تر، کارێکی

بۆماوەییە لە پێکهاتەی بایۆلۆجیی مرۆڤ. لێرەدا ململانێ، بیرۆکەیەکی جەوهەرییە لە هونەرەکانی چارەسەرکردن لای ڕانک. توێژەری کۆمەڵایەتی بە ڕۆڵی ویستی هاودژ هەڵدەستێت. بریتییە لە: توانای بەرهەڵستکاریی ئەوانی تر. ئەم ڕۆڵەی توێژەر دەبێتە هۆی بەئاگاهێنانەوەی ویستی بونیادنەر لای گرفتار. کاتێک گرفتار لەگەڵ خۆیدا لە ململانێدایە، واتە توانای ملکەچەبوونی بۆ داواکردنی یارمەتی و بەکارهێنانی ویستەکەی نییە بە شێوەیەکی ئەرێنی، بۆیە لە ململانێدا دەبێت لەگەڵ ویستی هاودژ(Rank,1945:12-16-86-81 ). بە تێڕوانین لە ڕۆڵی توێژەری کۆمەڵایەتی لە هەردوو دادگای باری کەسێتی و توندوتیژیی خێزانی، بەپێی ئەو زانیارییانەی لە بەشی دووەمی ئەم توێژینەوەیەدا خراونەتەڕوو، دەکرێت بڵێین توێژەری کۆمەڵایەتی لە دادگای توندوتیژیی خێزانی بە ڕۆڵی ویستی هاودژ هەڵدەستێت، لە ڕێگای ئەو ڕێنمایی و ڕێگاچارانەی لە پڕۆسەی یارمەتیداندا پێشکەشی گرفتارەکانی دەکات. ئەنجامی ئەم ڕۆڵەش، ئەرێنی بێت یان نەرێنی سەبارەت بە چارەسەرکردن، دەوەستێتەسەر ئاستی بەئاگاهاتنەوەی ویستی گرفتارەکان لە ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەکان، توانای بڕیاردان و خۆگونجاندنەوە لەگەڵ دەوروبەر. هەرچی دادگای باری کەسێتییە، جگەلە نووسینی ڕاپۆرت دەربارەی هۆکاریی کێشەکان و بڕیاری کۆتایی دادخواز، وەک جێبەجێکردنی ڕێکارێکی یاسایی، ڕۆڵی توێژەر لە پێدانی ڕێنمایی و ڕێنیشاندانی گرفتارەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان، بەرهەڵستکار و ویستی هاودژ نییە.

دروستکردنی پەیوەندیی پیشەیی، ئەو پێویستییە حەتمییەیە کە سەرکەوتنی پڕۆسەی یارمەتیدان تا ئاستێکی زۆر پشتی پێدەبەستێت. پەیوەندیی پیشەیی پەیوەستبوونێکی پیشەییە لە نێوان توێژەری کۆمەڵایەتی و گرفتار. ئەنجامی کارلێکی ئەرێنییە بۆ هەستەکان،

بیروبۆچوون و ئاڕاستەکان بۆ هێنانەدی ئامانجی کۆتایی، کە بریتییە لە پرۆسەی یارمەتیدان. ئەم پەیوەندییە دروستکردنی کاریگەرییە لەسەر کەسایەتیی گرفتار و ژینگەی چواردەوری (الصدیقي,2012:116-115). پەیوەندیی پیشەیی لە ئاڕاستەی ئەرکگەرایی، توخمی دەسەڵات دەگرێتەوە، بە واتای توانای کەسێک لە کاریگەریی خستنەسەر کەسێکی تر. بریتییە لە دەسەڵاتێکی عەقڵی، پیشەیی و کاتی. پشتدەبەستێت بە پەسندکردنی گرفتار و دەرفەتێکە بۆ دووبارە گەڕانەوەی هاوسەنگی بۆی. بوونی توخمی دەسەڵات لەم پەیوەندییەدا، یارمەتیدەری چارەسەری واقیعییە بۆ کێشەکان، بەوپێیەی ئەم دەسەڵاتە نموونەی واقیعێکی نوێیە و گرفتار پەسەندی دەکات و بە ویست و هەڵبژاردنی خۆی هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکات. ئامانجی سەرەکی لە چارەسەرکردنی گرفتار بریتییە لە: ئازادکردنی ویستی تاک و سەلماندنی تواناکانی لەسەر ژیان و گەشەکردن، سەرەڕای جیابوونەوەی لە پەیوەندیی پیشەیی لەگەڵ توێژەری کۆمەڵایەتی (عبدالخالق،2008:52-47). بە سەرنجدان لە شێوازی کارکردنی توێژەری کۆمەڵایەتیی دادگاکانی باری کەسێتی و توندوتیژیی خێزانی، ئەو توخمە سەرەکییەی لە میتۆدی کارکردن لەگەڵ کەیسەکان ونە و بایەخی پێنادرێت، پەیوەندیی پیشەییە. تێگەیشتنێکی ئەکادیمی، هەروەها وەک پێویستییەکی دامەزراوەیی لە بەڕێوەچوونی پرۆسەی یارمەتیداندا، سەبارەت بەم جۆرە پەیوەندییە، لای توێژەری کۆمەڵایەتی و دادگاکان نییە، ئەمەش بە کەموکورتییەک دادەنرێت لە سەرخستن و تەواوکردنی پرۆسەکە بە شێوەیەکی دروست. هەرچەندە هەوڵێک هەیە بۆ دروستکردنی کاریگەریی ئەرێنی لەسەر کەسایەتیی گرفتار، بەڵام لە ئاستی پێویستدا نییە، چونکە دروستکردنی ئەم پەیوەندییە و کۆتاییپێهێنانی، پێویستی بە کەشی گونجاو و کاتی پێویست هەیە. ئاشکرایە بارودۆخی هەردوو دادگای ناوبراو لە ڕووی دابینکردنی شوێن بۆ ئەنجامدانی چاوپێکەوتنی پیشەیی لە نێوان توێژەری کۆمەڵایەتی و

گرفتار، گونجاو نییە و کەموکورتی زۆری تێدایە، بە تایبەتی دادگای باری کەسێتی. قەرەباڵغی و ژاوەژاوی ناو دادگا وایکردووە چاوپێکەوتنەکان هیچ خەسڵەتێکی ئاکادیمی و دامەزراوەیی پێوە دیارنەبێت، هەروەها هێمنی و دڵنیایی نهێنیی کەسی تێدا پارێزراو نییە. لە ڕووی کاتیشەوە، زۆریی ژمارەی کەیسەکان لە ڕۆژێکدا، ڕێگە بە دروستکردنی پەیوەندیی پیشەیی نادەن، ئەم دۆخەش بۆ هەردوو دادگا ڕاستە.

سەبارەت بە توخمی کات و گرنگیی بەکارهێنانی لە پرۆسەی یارمەتیدان، لە تیۆری ئەرکگەراییدا کات لە چارەسەرکردنی کێشەدا بۆ تیشکخستنەسەر ئێستا بەکاردێت. توێژەری ئەرکگەرایی گرنگی بە ڕابردوو نادات، تەنیا ئەگەر بە شێوەیەکی لەخۆڕا لە کاتی چاوپێکەوتندا باسبکرێت، بە مەرجێک پەیوەستبکرێت بە ئێستا. توێژەر بڕوای بەوە هەیە کە ئێستا بریتییە لە واقیع، پێویستە گرفتار لەو ئێستایەی تێیدا دەژی بگوازێتەوە بۆ ئێستایەکی نوێتر (داهاتوو). بۆ داهاتوویەکی نوێ و لەبیرکردنی ڕابردوو، پێویست بە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو ناکات. لە پرۆسەی چارەسەرکردندا تیشکدەخرێتەسەر ئێستا، چونکە هۆشیاریی، هەست و ویست لە ئێستادایە، نەوەک ڕابردوو (Rank,1945:33-35-38). ئێستای نوێ، سێ لایەنی گرنگ لەخۆیدەگرێت: دامەزراوە و تواناکانی، مەرج و کۆت و بەندەکانی، هەروەها توێژەری کۆمەڵایەتی بە ویستە جیاکارییەکەی کە لە نموونەی ویستی هاودژە و بەردەوام لەگەڵ ویستی گرفتار ناگونجێت، وێڕای ئەوەش بریتییە لە ویستی هاوڕێیەتی (عبدالخالق،2008:56-55). هەروەکو لە پێشوودا ئاماژەمان بۆکرد، زۆری کێشە کەسی و خێزانییەکان لە ئێستادا، ژمارەی کەیسەکانی هەردوو دادگای ناوبراوی زیاتر کردووە. بەپێی ئەو زانیارییانەی لە توێژەرانی کۆمەڵایەتی دادگاکان وەرگیراون، ڕۆژانە لە دادگای باری کەسێتی (5-4) کەیس و لە دادگای توندوتیژیی خێزانیشدا زیاتر لە (10) کەیس

چاوپێکەوتن لەگەڵ توێژەری کۆمەڵایەتی ئەنجامدەدەن. ئەمە ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخات، بەپێی پێویست گرنگی بە کاتی تەرخانکراو نادرێت لەگەڵ کەیسەکان. کەمیی کات، هۆکارێکە وادەکات پەیوەندیی نێوان توێژەر و گرفتار، بە مانا ئەکادیمی و پیشەییەکەی دروست نەبێت، بەڵکو پەیوەندییەکی ڕۆتینی دەبێت، ویستی هاوڕێیەتیش وێڕای جیاوازیی ویستەکانیان لەگەڵ یەکتری، بەرجەستە نابێت.

ڕێگای کارکردن لەگەڵ حاڵەتی تاکەکەسی ئەرکگەرایی، چەمکی یارمەتیدان بەکاردەهێنێت، لەبری چارەسەرکردن، چونکە ناوەندی گۆڕانکاری لەو پرۆسەیەدا بریتییە لە گرفتار. بۆیە ڕۆڵی توێژەر لێرەدا چارەسەرکردن نییە، بەڵکو ئازادکردن، پاڵپشتیکردن، جوڵاندن و چالاککردنی ویستی گرفتارە لە ڕێگای پرۆسەی یارمەتیدان، تا بتوانێت ئامانجەکانی بەدیبێنێت، هەروەها ئامانجیەتی یارمەتیبدات بۆ ڕووبەڕووبوونەوە، تێگەیشتن و پەسندکردنی ڕاستییە واقیعییە هەبووەکان لەو ژینگەیەی کە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، بەم شێوەیە گرفتار دەتوانێت بۆخۆی کێشەکەی چارەسەربکات بە کەمترین توانای دەستتێوەردانی توێژەری کۆمەڵایەتی (عبدالخالق،53:2008). کەواتە لە کۆی گشتی ئەو بارودۆخەی کە باسکرا لە هەردوو دادگای ناوبراو، سەبارەت بە ڕۆڵی توێژەری کۆمەڵایەتی وەک ویستێکی هاودژ بە ویستی گرفتار، هەروەها پەیوەندیی پیشەیی نێوانیان و ئاستی بەیەخدان بە توخمی کات، دەکرێت بڵێین پرۆسەی یارمەتیدان بێ کەموکورتی نییە، ویستی گرفتار بۆ یارمەتیدانی خۆی لە چارەسەرکردنی کێشەکەی، لەم پرۆسەیەدا، ویستێکی بەئاگا نییە، چونکە دادگاکان بەپێی پێویست، پێداویستییەکانی بەڕێوەچوونی پرۆسەکە بۆ توێژەری کۆمەڵایەتی دابیناکەن، لە لایەکی ترەوە، خودی توێژەر لە ڕووی ئەکادیمییەوە مەعریفەی پێویستی نییە سەبارەت بە ڕۆڵی پیشەیی خۆی.

## دووەم: خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو

بەرلە خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو، بە پێویستی دەزانین ڕوونکردنەوەیەک سەبارەت بە ناونیشان و ئەنجامە بەدەستهاتووەکانیان و هۆکاری بەکارهێنانیان بخەینەڕوو: هەرچەندە ئەم توێژینەوانەی پێشوو لە ڕووی ناونیشان، ناوەڕۆک، شێواز و میتۆدی کارکردنیان جیاوازن لەم توێژینەوەیە، بەڵام ئامانج و ئەو ئەنجامە گشتییانەی پێیگەیشتوون سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی پیشەیی توێژەرە کۆمەڵایەتییەکان لە دادگای باری کەسێتی، بوونەتە خاڵی هاوبەش لە نێوان ئەم توێژینەوەیە و توێژینەوەکانی پێشوو، بە مەبەستی تاوتوێکردن و بەراوردکردنی ئەنجامەکانیان بەیەکتری. ئەمە لە لایەک، لە لایەکیترەوە یەکێک لەو کەیسانەی کە توێژەری کۆمەڵایەتی لە دادگای باری کەسێتیدا کاری لەسەر دەکات و ڕۆڵی پیشەیی خۆی تێدا بەرجەستە دەکات، بریتییە لە: کەیسی تەڵاق، بۆیە وەرگرتنی دوو توێژینەوەی پێشوو سەبارەت بە تەڵاق، هێندەی مەبەست لێیان تیشکخستنەسەر ئەو ئەنجامانەیە کە باس لە ڕۆڵی توێژەری کۆمەڵایەتی دەکات لە چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەم کەیسە، هێندە مەبەست لە خستنەڕوویان تیشکخستنەسەر ناونیشانەکانیان نییە، چونکە مەرج نییە توێژینەوەکانی پێشوو، هەمان ناونیشانی ئەو توێژینەوەیە بێت کە توێژەر کاری لەسەردەکات، بەڵکو بۆ پرۆسەی بەراوردکاری، ئەنجام و دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکان گرنگترن، تا ناونیشانەکانیان. وەک پێویستییەکی زانستی لەم توێژینەوەیەدا چەند توێژینەوەیەکی پێشوو دەخەینەڕوو، بە مەبەستی بەراوردکردنی ئەنجامەکانیان لەگەڵ ئەم توێژینەوەیەدا:

**١.** توێژینەوەی ***المتطلبات المهنية للأخصائي الاجتماعي في المحاكم السعودية_دراسة الميدانية*** (بن عباس،2017)

ئەم توێژینەوەیە لەنێو وەزارەتی داد، دادگای باری کەسێتی، دادگای گشتی و دادگای سزادان لە شاری ڕیاز ئەنجامدراوە. بە پشتبەستن بە میتۆدی وەسفیی شیکاریی، نموونەیەکی گشتگیر هەڵبژێردراوە کە لە دوو کۆمەڵە پێکدێن: (51) توێژەری کۆمەڵایەتی لەنێو دادگاکان و وەزارەتی ناوبراو، هەروەها کۆمەڵەی دووەم (100) دادوەر وەرگیراون لە هەر سێ دادگاکە. فۆڕمی ڕاپرسی بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان بەکارهێنراوە. ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەمانەن:

- زانینی داواکارییە پیشەییەکانی پەیوەست بە بنەمای مەعریفی بۆ توێژەری کۆمەڵایەتی لە دادگاکانی سعودییە.
- زانینی داواکارییە پیشەییەکانی پەیوەست بە کارامەییەکانی توێژەری کۆمەڵایەتی لە دادگاکانی سعودییە.
- زانینی داواکارییە پیشەییەکانی پەیوەست بە خەسڵەتە کەسێتییەکانی توێژەری کۆمەڵایەتی لە دادگاکانی سعودییە.
- زانینی بەربەستەکانی ڕۆڵی پیشەییی توێژەری کۆمەڵایەتی لە دادگاکانی سعودییە.

بەشێک لەو ئەنجامانەی ئەم توێژینەوەیە پێیگەیشتووە بریتین لەمانە:

- دادوەران تا ئاستێکی زۆر ڕازین بە داواکارییە پیشەییەکانی پەیوەست بە بنەمای مەعریفی، کارامەیی و خەسڵەتە کەسییەکانی توێژەرە کۆمەڵایەتییەکان.

- دادوەران پێیانوایە بەربەستی کارکردن لەبەردەم ڕۆڵی پیشەیی توێژەرە کۆمەڵایەتییەکان هەیە لەنێو دادگاکانی سعودییە. ڕیزبەندی بەربەستەکان بەم شێوەیەیە: بەربەستی ئابووری، کارگێڕی، ژینگەیی، کۆمەڵایەتی، خودی_کەسی، پیشەیی.

**٢.** توێژینەوەی ***الطلاق بين الممكن و المحظور_دراسة اجتماعية تحليلية*** (القريشي،2014)

ئەم توێژینەوەیە بە بەکارهێنانی میتۆدی وەسفی هەوڵیداوە وەسف و شیکارێکی زانستییانە بۆ دیاردەی تەڵاق بکات و هۆکار و ئاکامە نەرێنییەکانی بخاتەڕوو. بە پشتبەستن بە سەرچاوەی زانستی و داتای وەرگیراو لە دادگای باری کەسێتی هەردوو شاری سەدر و بەغدادی نوێ_بەغداد. ئەم داتایانە تایبەتن بە داواکانی تەڵاق، جیابوونەوە و بڕیاردانی تەڵاق لە دەرەوەی دادگا لە نێوان ساڵانی 2012_2013. ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەمانەن:

- زانینی ئاستی بڵاوبوونەوەی تەڵاق بە گشتی و تەڵاقی پێشوەختە بە تایبەتی و هۆکارەکانی پشت ڕوودانیان.
- زانینی لێکەوتە یەک لە دوای یەکەکانی تەڵاق سەبارەت بە منداڵ، ئافرەت و پیاو.
- زانینی ڕۆڵی توێژەرە کۆمەڵایەتییەکان لە دادگاکانی باری کەسێتی لە نەهێشتنی تەڵاق.
- دانانی ڕاسپاردەکان بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، یان نەهێشتنی شوینەوارەکانی لەسەر تاکەکان و کۆمەڵگا.

ئەو ئەنجامە سەرەکییەی ئەم توێژینەوەیە پێیگەیشتووە سەبارەت بە ڕۆڵی توێژەری کۆمەڵایەتی لە دادگاکانی باری کەسێتی، وێڕای گرنگیی ڕۆڵیان لەم بوارەدا لە هەوڵدان بۆ کەمکردنەوە و ڕێگریکردن لەم دیاردەیە و کاریگەرییە خراپەکانی لەسەر منداڵان، کەچی ڕۆڵیان لاواز، ڕووکەشانە و ناکاریگەرە لە زۆربەی کەیسەکان لەبەر ئەم هۆکارانە: کەمیی توانستی توێژەرەکان، نەبوونی پاڵپشتیی ماددی و مەعنەوی بۆیان، پشتگوێخستنی ئەو ڕاپۆرتانەی پێشکەشی دادگای دەکەن لە لایەن هەندێک دادوەرەوە، سەرەڕای لاوازیی کۆڵەکە سەرەکییە پێویستەکان بۆ کارکردن لە شوێنی تایبەت بە کارکردنیان، یان دابینکردنی هۆکارەکان و ناوەندەکانی گواستنەوە بە مەبەستی ئەنجامدانی سەردانکردنی ماڵی لایەنە کێشەدارەکان.

### 3. توێژینەوەی وسائل التواصل الاجتماعي و علاقتها بزيادة ظاهرة الطلاق- دراسة نظرية تحليلية (حسن و عليوي:2018)

ئەم توێژینەوەیە بە شێوازی تیۆری- شیکاریی، تیشکی خستۆتەسەر گرنگترین کێشە خێزانییەکانی ئێستای کۆمەڵگای عێراقی، کە دیاردەی تەڵاقە. ئەو سەختی و لێکەوتانەی کە ئەم دیاردەیە جێیدێڵێت لەسەر ژیانی هاوسەران، منداڵەکانیان و کۆمەڵگا بە گشتی خراوەتەڕوو بە تیشکخستنەسەر یەکێک لە هۆکارە هەرە کاریگەرەکانی ئێستای زیادبوونی ئەم دیاردەیە، کە ئەویش بریتییە لە بڵاوبوونەوە و بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەمانەن:

- هەڵوەستەکردن لەسەر گرنگترین ئەو هۆکارانەی کە دەبێتە هۆی ڕوودانی تەڵاق.

- زانینی لێکەوتەکانی پەیوەست بە دیاردەی تەڵاق لەسەر واقیعی کۆمەڵایەتی بە گشتی و واقیعی ئافرەتی تەڵاقدراو بە تایبەتی.

- زانینی ئاستی کاریگەریی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر زیادبوونی ڕێژەی تەڵاق لە کۆمەڵگای عێراقی.

- زانینی گرنگترین ئەو هۆکارە کۆمەڵایەتیانەی کە بەشداری دەکەن لە زۆربوونی دیاردەی تەڵاق.

یەکێک لە گرنگترین ئەو ئەنجامانەی کە ئەم توێژینەوەیە پێیگەیشتووە بریتییە لە: لاوازیی ڕۆڵی توێژەری کۆمەڵایەتی لە درککردن بە کەیسەکانی تەڵاق و لاوازیی ڕێوشوێنەکانی کارکردنیان، یان سستیی کاریگەرییان لەسەر کەیسەکان، لە ئەنجامی نەبوونی پاڵپشتیی ماددی و مەعنەوی، هەروەها لەبەرچاونەگرتنی ڕاپۆرتەکانیان لە لایەن هەندێک لە دادوەران.

**بەشی چوارەم/ ڕێکارە مەیدانییەکان و خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیاری و ئەنجامەکانی توێژینەوەکە**

**یەکەم: چوارچێوەی ڕێکارە مەیدانییەکانی توێژینەوەکە**

**1_ میتۆدی توێژینەوەکە**

توێژینەوە دەربارەی ڕۆڵی توێژەری کۆمەڵایەتی، بابەتێکە پێویستی بە قوڵبوونەوە و شیکردنەوەی وردی ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتی و یاساییە هەیە کە لە کۆمەڵگا بە گشتی و لەناو دادگاکانی باری کەسێتی و توندوتیژیی خێزانی بە تایبەتی، دەگوزەرێت و توێژەری کۆمەڵایەتی ڕۆڵی پیشەییی خۆی تێدا بەرجەستە و پیادەدەکات. بۆ ئەم مەبەستە میتۆدی

چۆنایەتی باشترینە، بۆئەوەی لە ڕێگای زانیارییە چۆنایەتیەکانەوە تێڕامانێکی ورد و بابەتییانە ئەنجامبدرێت بۆ ڕۆڵی توێژەر لە یەکلاکردنەوە و چارەسەرکردنی کەیسەکانی دادگا، هەروەها بوونی دەستەبەریی یاسایی وەک پاڵپشتییەک بۆ ئەم ڕۆڵبینینە. قسەکردن لەسەر پرسی ڕۆڵی توێژەری کۆمەڵایەتی، لە کۆمەڵگایەکدا کە هێشتا تێگەیشتن بۆ چەمکی توێژەر و ناسینی کەسایەتییە پیشەییەکەی لە ڕووی یاسایی و کۆمەڵایەتییەوە، لە ئاستی پێویستدا نییە، پێویستی بە مشتومڕ و گفتوگۆکردنی ورد و دووروودرێژ هەیە تا لە ڕێگایەوە بتوانین لە ڕۆڵ و کاریگەرییەکانی پیادەکردنی ئەم پیشەیە تێبگەین لە هەردوو دادگای ناوبراودا، بۆیە لەم توێژینەوەیەدا پشت بەم میتۆدە بەستراوە. ئەم میتۆدە پشت بە قوڵبوونەوەی توێژەر دەبەستێت لە شیکردنەوەی بابەتییانەی بابەتی توێژینەوەکە، بە مەبەستی تێگەیشتن لە ڕۆڵ و کاریگەرییەکانی بە پشتبەستن بە زانیاریی وەرگیراو لە واقیعی بابەتەکە. لەم ڕێگایەوە توێژەر دەتوانێت بگات بە وەڵامی ئەو پرسیارانەی کە پێویستییان بە تێڕامان و وردبوونەوە هەیە، بۆئەوەی بگاتە قوڵاییی بابەتەکە و شیکردنەوەیان. کەواتە لەم توێژینەوەیەدا بە مەبەستی گەیشتن بە زانیاریی ورد و تێگەیشتن لە ڕۆڵی توێژەری کۆمەڵایەتی لەنێو دادگاکانی باری کەسێتی و توندوتیژیی خێزانی لە شاری هەولێر، پشت بە میتۆدی چۆنایەتی بەستراوە. ئەم میتۆدە بریتییە لە: کۆکردنەوە، شرۆڤەکردن و شیکرنەوەی زانیارییەکان بە مەبەستی تێگەیشتنێکی قوڵ و گشتگیر بۆ دیاردەیەکی دیاریکراو، لە ڕێگای پشتبەستن بە ئامرازەکانی وەک: تێبینی، چاوپێکەوتن و بەڵگەنامەکان و... تاد (العزاوي،2016:100-99). بۆ ڕوونکردنەوە و هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی توێژەری کۆمەڵایەتی، ئەم میتۆدەمان بەکارهێناوە، تا بتوانین لە نزیکترین سەرچاوەی زانیاریی باوەڕپێکراو، کە نموونەی توێژینەوەکەیە، سەبارەت بەم بابەتە، بە شیکردنەوەیەکی بابەتی و ئەنجامێکی زانستی و واقیعی بگەین کە ئەگەری هەیە لە بەکارهێنانی هەر

جۆرە میتۆدێکی تر، بەو ئەنجامە وردە نەگەین. بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیارییەکان، ئامرازی چاوپێکەوتنی ڕێکخراو بەکارهێنراوە، بە ئامانجی گەیشتن بە وەڵامی ئەو پرسیارانەی کە ئاڕاستەی نموونەکە کراون. بۆ شیکردنەوەی وەڵامەکانیش پشت بە ئامرازی شیکاریی بابەتی بەستراوە. بەپێی ئەم ئامرازە وەڵامەکان پۆلێنکراون، بەپێی ڕیزبەندیی پرسیارەکان، بەشە لێکچووەکان دابەشکراونەتە سەر چەند تەوەرێکی دیاریکراو، دواتر شیکردنەوەیان بۆکراوە. لەبەر ڕۆشنایی وەڵامەکان لە کۆتایی هەر تەوەرەیەکدا، ئەنجامەکان خراونەتەڕوو.

## 2_ کۆمەڵگای توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە لە شاری هەولێر ئەنجامدراوە، لەنێو دادگاکانی باری کەسێتی و توندوتیژیی خێزانی. هەردوو دادگای ناوبراو لەنێو دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر/1ن. جێی ئاماژەیە، بەهۆی ئەوەی لێژنەی ئاشتەوایی، کە تایبەتە بە دادگای توندوتیژیی خێزانی، لە ئێستادا لەنێو بەڕێوەبەرایەتیی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان نیشتەجێن، ئەوە کەیسەکانی ئەم دادگایە وەک بەشێک لە نموونەی توێژینەوەکە لە بەڕێوەبەرایەتیی ناوبراودا وەرگیراون. بەم شێوەیە هەردوو دادگای ناوبراو کۆمەڵگای توێژینەوەکە پێکدێنن.

## 3_ نموونەی توێژینەوەکە

بە مەبەستی گەیشتن بە زانیاریی ورد و دروست سەبارەت بە ڕۆڵی توێژەرە کۆمەڵایەتییەکان لەنێو دادگانی باری کەسێتی و توندوتیژیی خێزانی لە شاری هەولێر، باشترین توێژ بریتین لە پارێزەران و ئەو کەسانەی بە ئامانجی چارەسەرکردنی کێشەکانیان

ڕوو لە دادگای توندوتیژیی خێزانی دەکەن، چونکە لەنێو دادگاکاندا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە هەڵوێستی پیشەییدا، پارێزەران، کەیسەکان و توێژەرە کۆمەڵایەتییەکان پێکەوە کۆدەبنەوە. ئەم بارودۆخە دەرفەتی گونجاو بۆ پارێزەران و کەیسەکان دروستدەکات تا بتوانن بە باشترین شێوە توێژەرە کۆمەڵایەتییەکان هەڵبسەنگێنن، بۆیە نموونەی توێژینەوەکە لە دوو کۆمەڵە پێکدێن: کۆمەڵەی یەکەم پارێزەرانی دادگای باری کەسێتی دەگرێتەوە کە ژمارەیان (10) پارێزەرە. کۆمەڵەی دووەم بریتین لە کەیسەکانی دادگای توندوتیژیی خێزانی کە ژمارەیان (15) کەیسە. کەواتە کۆی گشتی نموونەکە (25) یەکەیە. نموونەی ئەم توێژینەوەیە بە ڕێگای ناهەڕەمەکی هەڵبژێردراوە کە لە جۆری (نموونەی شارەزایە_ *Expert Sampling*). ئەم جۆرە نموونەیە کاتێک بەکاردێت کە توێژەر مەبەستیەتی تێڕوانینی کەسانی شارەزا لەسەر بابەتی توێژینەوەکە وەربگرێت. کاتێک بەم ڕێگایە ئەم نموونەیە بەکاردێت، ئەوە دەبێتە تەرزێکی لاوەکی بۆ (نموونەی مەبەستدار– *Purposive Sampling*) .(Singh,2007:1)

### 4_ بوارەکانی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە سێ بواری سەرەکی لەخۆیدەگرێت کە ئەمانەن:

١. **بواری مرۆیی**: مەبەست لێی ئەو کەسانەن کە وەک نموونەی توێژینەوەکە وەرگیراون و لە (25) یەکە پێکدێن. (10) یەکە لە پارێزەرانی باری کەسێتی و (15) یەکە لە کەیسەکانی دادگای توندوتیژیی خێزانی.

٢. **بواری شوێنی**: ئەو شوێنانەی کە نموونەی ئەم توێژینەوەیەی لێوەرگیراوە دادگای باری کەسێتییە لە ناو دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر/1، هەروەها بەڕێوەبەرایەتیی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتانە کە کەیسەکانی لیژنەی ئاشتەوایی دادگای توندوتیژیی خێزانی لەخۆدەگرن.

٣. **بواری کاتی**: تێکڕای ماوەی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە دەگرێتەوە بە هەردوو لایەنی تیۆری و مەیدانی، کە لە ماوەی نێوان مانگەکانی شوباتی 2020 تا شوباتی 2021 ئەنجامدراوە.

## 5_ ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری

لەم توێژینەوەیەدا ئەم ئامرازانەی خوارەوە بەکارهێنراون:

### چاوپێکەوتن

بۆ وەرگرتنی زانیاری دەربارەی توێژەرە کۆمەڵایەتییەکان و هەڵسەنگاندنی ڕۆڵیان لە یەکلاکردنەوەی کێشە کەسی و خێزانییەکان، ئامرازی چاوپێکەوتن بەکارهێنراوە. چاوپێکەوتن گوزارشتە لە گفتوگۆیەکی زارەکی ڕووبەڕوو لە نێوان توێژەر و یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە. لەم ڕێگایەوە توێژەر مەبەستیەتی بگاتە ئەو زانیارییانەی کە گوزارشت لە بیروبۆچوون، هەست، پاڵنەر و ڕەفتارەکانی نموونەکە لە ئێستا و ڕابردوودا دەکەن (بکر،149:2015). لەم توێژینەوەیەدا چاوپێکەوتنی ڕێکخراو ئەنجامدراوە لەگەڵ لێتوێژەران. ئەم جۆرە چاوپێکەوتنە پێناسە دەکرێت بەوەی بریتییە لە: ڕیزبەندکردنی کۆمەڵێک پرسیاری دیاریکراو لە لایەن توێژەر کە بە هەمان ڕێکخستن و ڕیزبەندی لە هەموو چاوپێکەوتنەکان، پرسیارەکان ئاڕاستەی لێتوێژەران دەکات

(علیان و غنیم،100:2004). بۆ ئەنجامدانی ئەم چاوپێکەوتنە لەگەڵ نموونەی توێژینەوەکە کە لە (25) یەکە پێکدێن (8) پرسیاری کراوە ئامادەکراوە. (6) پرسیار تایبەتە بە پارێزەران، (2) پرسیار تایبەتە بە کەیسەکان، بە مەبەستی وەرگرتنی زانیاری. لە ڕێگای تۆمارکردنی دەنگییەوە زانیارییەکان کۆکراونەتەوە. ماوەی هەر چاوپێکەوتنێک، نیو کاتژمێر تا کاتژمێرێکی خایاندووە. سەبارەت بە پرسیارەکان، بە لەبەرچاوگرتنی جیاوازیی جۆری پرسیارەکان بۆ هەردوو کۆمەڵەی نموونەی توێژینەوەکە، هەموو یەکەکانی نموونەکە هەمان پرسیاریان ئاڕاستەکراوە، تا بتوانین جیاوازیی نێوان بۆچوونەکان دەربخەین سەبارەت بە بابەتی توێژینەوەکە، دواتر لەکۆی بۆچوونە جیاوازەکان هەڵسەنگاندنێک بکەین بۆ ڕۆڵی توێژەرە کۆمەڵایەتییەکان لە ناو دادگاکانی باری کەسێتی و توندوتیژیی خێزانی لە شاری هەولێر (بڕوانە پاشکۆی 1).

**تێبینیکردن**

یەکێک لەو ئامرازانەی لەپاڵ چاوپێکەوتن سوودی لێدەبینرێت لە کاتی وەرگرتنی زانیاری، بریتییە لە تێبینیکردن. بەکارهێنانی ئەم ئامرازە پێویستی بە سەرنجدان و لێوردبوونەوەی توێژەرە لەو ژینگەیەی کە توێژینەوەکەی تێدا ئەنجامدەدات، هەروەها سەرنجدانی ئەو کەسانەی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا ئەنجامدەدات. تێبینیکردن پێناسەدەکرێت بەوەی پرۆسەی کۆکردنەوەی زانیارییە لە ڕێگای سەرنجدانی خەڵک یان شوێنەکان. واتە بریتییە لە: ئاڕاستەکردنی هەستەوەرەکان بۆ بینین و چاودێریکردنی ڕەفتارێک یان دیاردەیەکی دیاریکراو، دواتر تۆمارکردنی لایەن و تایبەتمەندییەکانی (شوانی،355:2015). لەم توێژینەوەیەدا ئامرازی تێبینیکردنی سادە بەکارهێنراوە کە بریتییە لە: جۆرە تێبینیکردنێکی خێرا، پەیوەستە بە بینین و گوێگرتن لە هەڵوێستێکی

دیاریکراو، بەبێ بەشداریکردنی کرداری لە هەڵوێستەکەدا. ئەم تێبینیکردنە زیاتر خستنەڕووییە، بەبێ ڕێکخستنی زانستی، یان ڕێکاری دیاریکراو، یاخود بەکارهێنانی ئامراز و کەرستەی پێوانەکردنی ورد بۆ دیاریکردنی ڕەهەند و خەسڵەتەکانی دیاردە لێکۆڵراوەکە، ڕوودەدات. واتە توێژەر هەڵدەستێت بە تێبینیکردنی دیاردە و ڕووداوەکان، بە شێوەی لەخۆڕا، لە بارودۆخێکی سروشتی بەبێ ملکەچبوون بۆ ڕێکخستنی زانستی (الهادي ,145-146:1990). کاتێک توێژەر چاوپێکەوتنی ئەنجامداوە لەگەڵ توێژەرانی کۆمەڵایەتی هەردوو دادگای باری کەسێتی و توندوتیژیی خێزانی، بە مەبەستی وەرگرتنی زانیاری سەبارەت بە چۆنیەتی بەڕێوەچوونی پرۆسەی لێکۆڵینەوە و نووسینی ڕاپۆرتی کەیسەکان، هەروەها ئامادەبوونی توێژەر لە کاتی بەڕێوەچوونی ئەم پرۆسەیە لەگەڵ کەیسەکانی هەردوو دادگادا، تێبینییەکانی لای خۆی تۆمارکردوون کە گرنگترینیان ئەمانەن: نەگونجاوی ژووری چاوپێکەوتنی توێژەری کۆمەڵایەتی لەگەڵ کەیسەکانی دادگای باری کەسێتی لە ڕووی قەبارە، ژاوەژاو و هاتوچووی ناو دادگا، هەروەها کەموکورتیی پێداویستییەکانی بەڕێوەچوونی پرۆسەکە و زۆریی ژمارەی کەیسەکان لە ڕۆژێکدا، بە ڕادەیەک لە ماوەی کاتژمێرێکدا توێژەری کۆمەڵایەتی چاوپێکەوتن لەگەڵ سێ تا پێنج کەیسی جیاوازدا ئەنجامدەدات و ڕاپۆرتی خۆی دەنووسێت، لە کاتێکدا ئەم شێوازە کارکردنە هەرگیز ناگونجێت لەگەڵ ڕۆڵ و بەرپرسیارێتیی توێژەری کۆمەڵایەتی، لە ئەنجامدانی چاوپێکەوتنی پیشەیی و بایەخدان بە نزیکبوونەوە و تێگەیشتن لە بارودۆخی تایبەتی کەیسەکان. سەبارەت بە لێژنەی ئاشتەوایی ئەوەی کە تێبینیکراوە، جارێکی تر زۆریی ژمارەی کەیسەکان لە ڕۆژێکدا، وایکردووە بەپێی پێویست نەتوانرێت گفتوگۆ و چاوپێکەوتن ئەنجامبدرێت و کەیسەکان بە تەواوی یەکلابکرێنەوە. ئەمە یەکێکە لەو هۆکارانەی کە توێژەرە کۆمەڵایەتییەکان

نەتوانن بە شێوەیەکی ئەرێنی ڕۆڵی پیشەییی خۆیان بگێڕن، دواجار ئەم دۆخە کاردانەوەی نەرێنی کردۆتەسەر ناوبانگ و تواناکانیان.

## شیکاریی بابەتی

بۆ خستنەڕوو و شیکردنەوەی ئەو زانیارییانەی بەدەستهاتوون، ئامرازی شیکاریی بابەتی بەکارهێنراوە. ئەم ئامرازە پێناسەدەکرێت بەوەی کە لە شیکردنەوەی زانیارییە چۆنایەتییەکان بەکاردەهێنرێت بە مەبەستی ڕێکخستن و دانانی زانیارییەکان لەسەر چەند بابەتێک یان تەوەرێکی دیاریکراو، دواتر شیکردنەوە و شرۆڤەکردنیان لە پێناو دۆزینەوەی وەڵامی پرسیارەکانی توێژینەوەکە. شیکاریی بابەتی لە ڕێگای تیشکخستنەسەر بەشە هاوبەشەکان دەبێت لە نێوان زانیارییەکان، دواتر پۆلێنکردنیان بۆ تەوەری دیاریکراو (العدساني،1:2017). ماوەی ئەنجامدانی چاوپێکەوتنەکان دوو مانگی خایاندووە، لەگەڵ هەر یەکێک لە یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە نیو کاتژمێر تا کاتژمێرێک، چاوپێکەوتنەکان بەردەوامبووە. دوای تۆمارکردنی دەنگی و نووسینەوەی زانیارییەکان، کە بەپێی پرسیارەکانی توێژینەوەکە پۆلێنکراون، بەشێکی سەرەکی لە وەڵامەکانی لێتوێژەران خراونەتەڕوو کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان هەبووە بە بابەتی توێژینەوەکە و جۆری ئەو پرسیارانەی ئاڕاستەیان کراوە. لە دوای خستنەڕووی زانیاری و وەڵامەکان، هەوڵدراوە شیکردنەوەیەکی بابەتییانەیان بۆ بکرێت لەبەر ڕۆشنایی تێڕوانینەکانی لێتوێژەران بۆ بابەتی توێژینەوەکە، وێڕای خستنەڕووی ئەنجامێکی گشتگیر سەبارەت بە زانیارییەکان.

## دووەم: خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیارییە مەیدانییەکانی توێژینەوەکە

دوای ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ نموونەی توێژینەوەکە، ئەو زانیارییانەی کۆکراونەتەوە، بەپێی ژمارەی پرسیارە ئاڕاستەکراوەکان،

دابەشکراونەتە سەر چەند تەوەرێکی جیاواز. لە سەرەتادا بۆچوونی پارێزەرانی دادگای باری کەسێتی/ هەولێر، سەبارەت بە ڕۆڵی توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە هەردوو دادگای باری کەسێتی و توندوتیژیی خێزانی خراوەتەڕوو، دواتر هەڵسەنگاندنێک کراوە لە لایەن کەیسەکانی داداگای توندوتیژیی خێزانی بۆ ڕۆڵی توێژەری کۆمەڵایەتی بە تایبەتی و لیژنەی ئاشتەوایی بەگشتی. تەواوی ئەم زانیارییانە بەپێی ئەم تەوەرانەی خوارەوە دابەشکراون:

## ١. سستیی ڕۆڵی توێژەری کۆمەڵایەتی لە دادگادا

ڕێگای کارکردن لەگەڵ حاڵەتی تاکەکەسیی تاکگەرایی، ڕۆڵی توێژەری کۆمەڵایەتی وەک پاڵپشت و ڕێنماییکار بۆ گرفتارەکان دەناسێنێت کە وەک ویستێکی هاودژ بەرامبەر بە ویستی گرفتارەکان هەوڵدەدات بۆ یارمەتیدانیان، تاوەکو بتوانن ئەو کێشانە تێپەڕێنن کە دووچارییان بۆتەوە (Rank,1945:16–17-20). بە ڕۆڵی خۆی توێژەری کۆمەڵایەتی پێویستە هەڵسێت بە پێدانی ڕێنمایی و بەرچاوڕوونی بەو کەس و لایەنانەی بەدەست کێشەیەکەوە گرفتارن. ئەوەی تێبینی دەکرێت لەنێو دادگاکانی باری کەسێتی و توندوتیژیی خێزانی، توێژەران لە ئاستی ئەو بەرپرسیارێتییە پیشەیی و مرۆڤایەتییەدا نین، هەرچەندە بەپێی یاسا هەردوو دادگای ناوبراو، ڕێگایان بە توێژەری کۆمەڵایەتی داوە ئەو ڕۆڵە بگێڕێت. بە بۆچوونی پارێزەر (ئ. ع): ***[لە دادگادا ڕۆڵی توێژەری کۆمەڵایەتی ئەوە نییە کە یاسا بۆی دەستنیشانکردووە. یاسا مەبەستی ئەوەیە توێژەر هەڵسەنگاندن بۆ بارودۆخی خێزان و کێشەکانیان بکات و هەوڵی لێک نزیکخستنەوەیان بدات و کێشەکانیان نەگاتە جیابوونەوە، بەڵام توێژەرەکان بەو ڕۆڵە هەڵناستن و بە باشی ئامادەنەکراون تا لە ڕۆڵی خۆیان تێبگەن. بەپێی پێویست گفتوگۆ لەگەڵ هەردوو لایەن ناکەن تا بگەنە چارەسەری]***. لە لایەکی تر پارێزەر (گ. ب.) دەڵێت: ***[ڕۆڵی***

***تویژەر شکلییە. ڕاستە بەپێی یاسا دەبێت ژن و مێردێک کە کێشەیان هەیە بچنە لای تویژەر، دواتر ڕاپۆرت دەنووسێت و دەیداتە دادوەر، زۆربەیان دەنووسن ناگونجێن. نابینم ڕاپۆرتێک نووسرابێت دەگونجێن، یان هەوڵبدات پێکیان بهێننەوە. ناڵیم ئاستییان باش نییە، بەڵام ئەو ڕۆڵەیان نییە لە دادگادا. واتە پەیوەندی دادگا بە تویژەر تەنیا هێنان و بردنی وەرەقەیە، تویژەر گفتوگۆ لەگەڵ لایەنە کێشەدارەکان ناکات].*** هەروەها پارێزەر (س. ف.) ئاماژە بۆ ئەوەدەکات: ***[نزیکەی دە ساڵە لە دادگای باری کەسێتیم، تەنیا دوو تویژەری کۆمەڵایەتی دەبینم. ڕاپۆرتەکانیان بەلاوەدەنرێن. لە دە داوا لەوانەیە یەک لەو داوایانە تویژەر ڕۆڵی هەبێت].*** لە لایەکی تر پارێزەر (س. ه.) دەڵێت: ***[ ڕاستە یاسا ڕۆڵی پێداون و ڕۆڵیان زۆر گەورەیە کە پێکهێنانەوەیە لە نێوان ژن و مێرد، یان دایک و باوک لەگەڵ منداڵەکانیان، بەڵام ڕۆڵێکی شکلییان هەیە، چونکە کە ژن و مێردێک لە یەکەم دانیشتنی دادگا ناگەنە قەناعەت بۆ جاری دووەم دەنێردرێنە لای تویژەر، ئەمیش دووبارە دەڵێت ناگەنە یەک. زۆرجار بەو ڕاپۆرتە تەلاق وەردەگیرێ. واتە بە باشی ڕۆڵی خۆی نابینێت لە پێدانی ڕێنمایی].*** هەروەها پارێزەر (س. ع.) پێیوایە: ***[تویژەر لەناو دادگا بە یاسا ڕۆڵ و وجودی هەیە و بەفەرمی کاردەکات و ڕاپۆرت پێشکەشدەکات، بەڵام لەبەرئەوەی کارەکەی هەوڵ و کۆششێکی کۆمەڵایەتییە، لە ڕووی واقیعی و عەمەلییەوە ڕۆڵ و کاریگەرییان زۆر لاوازە لەناو دادگا، کە بۆتە کارێکی ڕۆتینی. خاوەن قەزییەکان دەنێرنە لای تویژەر، عادەتەن لە ڕاپۆرتەکەی دەنووسێت پێکنەهاتنەوە. تاک تاکە تویژەر هەیە لەوانەیە قەناعەت بە هەندێک کەیس بهێنی، یان توانای هەبێت داوا دوابخات، یاخود چاکیان بکاتەوە].*** ئەم بۆچوونانە ئاماژە بۆ ئەوەدەکەن کە هەرچەندە بە یاسا تویژەری کۆمەڵایەتی بۆی هەیە بە ڕۆڵی ڕێنماییکار و ڕێنیشاندەر هەڵبستێت، بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکان، لە ڕێگای ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ لایەنە ناکۆکەکان، بەڵام بەپێی پێویست ئەو ڕۆڵە

ناگیڕن و تەنیا وەک داواکاری و ڕێکارێکی یاسایی ڕاپۆرتی کەیسەکان ئامادەدەکەن بۆ دادوەر، بەبێ هەوڵدان و گفتوگۆکردن لەگەڵ لایەنەکان، لە کاتێکدا یاسا ڕێگای پێداون داواکان دوابخەن ئەگەر پێویست بکات، بە مەبەستی بڕیاردان لەسەر یەکلاکردنەوەی کەیسەکان.

پارێزەر (د. س.) پێیوایە: [ڕۆڵی باش نییە، چونکە مەحاڵە بتوانێت لە یەک ڕۆژ و لە ماوەیەکی کەمدا، هەڵسەنگاندن بۆ حاڵەتی دەروونی کەسێک بکات. بۆ ئافرەت زۆر زەحمەتە قسە لەسەر وەزعی خۆی بکات. شەرم و بێ متمانەیی کاریگەرییان هەیە لەسەری. توێژەر چەند دەقیقەیەک لەگەڵ گرفتارەکان دادەنیشێت، وەکو وەرگرتنی ئیفادەیەک، قسەکانیان دەکاتە ڕاپۆرتێک و ڕای خۆی دەداتە دادگا. ئەمە تاوانە لە ماوەی کەمتر لە سعاتێک ڕای خۆی لەسەر کەیسێک دەدات، ئەگەر ئەو ژینگەیە بۆ کەسەکە دروست نەکەی کە ئەمان و دڵنیایی بدەیتێ، بە ئینسافەوە کەیسەکە وەسف بکەی، دواتر ڕای خۆت و ڕاپۆرت بدەی. توێژەر کێشەکەی دیاری نەکردووە دێت ڕاپۆرت دەنووسێت. بۆیە بە ئەرکی خۆی هەڵناستێت. هەوڵدەدات، بەڵام بەدەست خۆی نییە لە پیشەکە نازانێت، ئەم پیشەیەش فەننە وەکو محاماتی]. ئەم بۆچوونە پێماندەڵێت تەرخاننەکردنی کاتی گونجاو بۆ بینینی کەیسەکان، هەروەها نەبوونی شوێنێکی گونجاو بۆ ئەنجامدانی چاوپێکەوتن کە تیایدا گرفتارەکان بە ئارامی و متمانەوە گفتوگۆبکەن و هەست بە پارێزراویی نهێنییەکانیان بکەن، وایانکردووە توێژەری کۆمەڵایەتی نەتوانێت بە ڕۆڵی پیشەیی خۆی هەڵبستێت، لە هەمان کاتدا، گرفتارەکان نەتوانن بە ئاسودەیی لە بارودۆخی کێشەکە و ژیانی تایبەتییان بدوێن. لە کاتێکدا بەپێی ماددەی (8) لە یاسای تایبەت بە توێژینەوەی کۆمەڵایەتی لە دادگاکانی باری کەسێتی، کاروبارەکانی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی دەبێت نهێنی بێت و پارێزگاری لە زانیارییەکان بکرێت (قانون خاصة بالبحث الاجتماعي في

محاكم الاحوال الشخصية،1985). له لایەکی تر پارێزەر (ز. ن.) دەڵێت: [ویژدان زۆر گرنگە لە کاتی کارکردن. هەندێکجار لە ڕاپۆرتی توێژەر نووسراوە مەحاڵە ئەم ژن و مێردە جارێکی تر پێکەوە بژین. بەم بڕیارەی ژیانی خێزانێک تێکدەدات، بەڵام وانییە بە قسەکردن لەگەڵیان دەکرێت ئاشت بکرێنەوە. زۆرجار بە تەلەفۆنێک پاڵپشتی لایەک دەکات لە ڕاپۆرتەکەی. زۆر قەزیە هەیە تدخلات کاریگەریی دەخاتەسەر ڕاپۆرتی توێژەر]. ئەم بۆچوونەش ئاماژە بۆ ئەوەدەکات کە هەندێکجار کەمتەرخەمیی توێژەر بەرانبەر بە پیشەکەی، هۆکاری تێکدانی شیرازەی خێزانەکانە، وێڕایی بوونی دەستتێوەردانی دەرەکی لە ڕاوبۆچوونەکانی توێژەر سەبارەت بە ناوەڕۆکی ئەو ڕاپۆرتەی کە ئامادەی دەکات بۆ هەر کەیسێک، کە هۆکارێکە لە دوورکەوتنەوەی توێژەر لە خەسڵەتی بابەتیبوون و لایەنگیریی نواندن بۆ یەکێک لە لایەنەکانی کەیسەکان.

به بۆچوونی پارێزەر (پ. م.) [ڕۆڵیان سلبیات و ئیجابیاتی خۆی هەیە، دەوەستێتە سەر کەسەکە خۆی. ئەگەر بتوانن خۆیان بسەلمێنن، حاکمیش ناتوانێت ڕاپۆرتەکانیان بەلاوەبنێ]. پارێزەر (ئ. ک.) دەڵێت: [توێژەر ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە دادگا لە زۆربەی ئەو داوایانەی کە جیابوونەوەن بە هۆکاری نەگونجان. دادگا لایەنەکان ڕەوانەی لای توێژەر دەکات، بۆئەوەی بە شارەزایی و زانیارییەکانی خۆی قەناعەتییان پێبهێنێت و خێزانەکە تێک نەچێت. توێژەر لەگەڵ هەردوو لایان دادەنیشێت، پێکەوە و بەجیا. هەندێکجار خۆماندووکردنی توێژەر بۆتە هۆکاری ئەوەی کێشەکان چارەسەربن]. لە لایەکی تر پارێزەر (ش. م.) پێیوایە [توێژەر ڕۆڵی سەرەکی هەیە و ڕاپۆرت دەداتە دادوەر و بڕیار دەدات دەربارەی چارەنووسی کەیسەکان، هەروەها هۆکارەکانی دروستبوونی کێشەکان ڕووندەکاتەوە]. لەم بۆچوونانە دەردەکەوێت کە ئەزموون، شارەزایی و زانیاریی پێویست هۆکاری سەرەکین لە ڕۆڵبینینی ئەرێنییانەی توێژەری

کۆمەڵایەتی لە چارەسەرکردنی کێشەکان و بەشداریکردنیان بە شێوەیەکی کارا لە بڕیارەکانی دادگا.

لە کۆی زۆرینەی ئەم بۆچوونانەی سەرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە توێژەری کۆمەڵایەتی لەنێو دادگادا، نەیتوانیوە بە شێوەیەکی کاریگەر لە چارەسەرکردنی کێشە خێزانییەکان ڕۆڵببینێت و نەبۆتە پاڵپشتێکی مەعنەوی بۆ گرفتارەکان. ئەو ئەرکانەی کە یاسا پێیسپاردووە بەپێی پێویست جێبەجێیناکات. ئەم ئەنجامە نزیکماندەکاتەوە لە ئەنجامی یەکێک لە توێژینەوەکانی پێشوو کە ئاماژە دەکات بەوەی بەربەستی کارکردن هەیە لەبەردەم ڕۆڵی پیشەییی توێژەرە کۆمەڵایەتییەکان لەنێو دادگاکانی سعودییە کە بریتین لە بەربەستەکانی: ئابووری، کارگێڕیی، ژینگەیی، کۆمەڵایەتی، خودی_کەسی، پیشەیی (بن عباس،2017). دەکرێت هەر یەک لەم بەربەستانە لەبەردەم کارکردنی توێژەری کۆمەڵایەتی لە دادگاکانی باری کەسێتی و توندوتیژیی خێزانی هۆکاربن لە سستیی ڕۆڵبینینی پیشەیی، هەروەک لە ڕوونکردنەوەکانی نموونەی توێژینەوەکە هاتووە، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەستە بە ژینگەی کار و ئاستی تێگەیشتن و بڕوابوونی خەڵک بە پیشەکە و توانا و شارەزاییە ئەکادیمییەکانی خودی توێژەرانی کۆمەڵایەتی.

## ٢. هۆکارەکانی سستیی ڕۆڵی توێژەری کۆمەڵایەتی

توێژەری کۆمەڵایەتی بەپێی تیۆریی ئەرکگەرایی، تیشکدەخاتەسەر پڕۆسەی یارمەتیدان. سەرکەوتنی ئەم پڕۆسەیە، پێویستی بە دابینکردنی پێداویستی و هەلومەرجی گونجاو هەیە. هەر کەموکورتییەک چی لە لایەنی توێژەری کۆمەڵایەتی بێت، یان لە بواری پێداویستییەکان، کاریگەریی نەرێنی دروستدەکات لەسەر ئاڕاستەکردن و پاڵپشتیکردنی گرفتار لە چارەسەرکردنی کێشەکە و لە تەواوی پڕۆسەی یارمەتیدانەکە

(عبدالخالق،53:2008). هەمیشە وا چاوەڕێدەکرێت کە توێژەری کۆمەڵایەتی باشترین و پڕبایەخترین ڕۆڵ بگێڕێت لە چارەسەرکردن و یەکلاکردنەوەی کێشە خێزانییەکان، بەڵام ئەم پێشبینی و چاوەڕوانییە هەموو کات ڕاست دەرناچێت. بۆچوونەکانی نموونەی توێژینەوەکە کۆکبوون دەربارەی هۆکارەکانی سستیی ڕۆڵی توێژەری کۆمەڵایەتی، کە لەم خاڵانەی خوارەوە دەیانخەینەڕوو:

١. **هۆکاری خودی:** کەمیی مەعریفە و شارەزایی پیشەیی، هەستنەکردن بە بەرپرسیارێتیی پیشەیی-ئەخلاقی بەرانبەر بە چارەسەرکردنی کێشەکان.
٢. **هۆکاری ماددی:** نەبوونی شوێنێکی تایبەت و گونجاو بۆ ئەنجامدانی چاوپێکەوتن. نەبوونی هۆیەکانی گواستنەوە بۆ چاودێریکردنی پاشینە و سەردانکردنی ماڵی گرفتارەکان.
**٣. هۆکاری بابەتی:** نەبوونی خول و کۆرسی تیۆری و پراکتیکی تایبەت بە چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشە خێزانییەکان.
٤. **هۆکاری یاسایی:** لە ڕووی یاساییەوە ڕۆڵی توێژەر پێویستی بە گرنگیپێدانی زیاتر هەیە، هەر وەکو داواکاری گشتی. واتە یاساکە پێویستی بە هەموارکردن هەیە. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ کەیسەکان بۆتە بابەتێکی ڕۆتینی و کارڕاییکردنێکی یاسایی، هیچ جۆرە گرنگیپێدانێک بە بارودۆخی تایبەتی کەیسەکان نادرێت، تەنانەت ناوەڕۆکی زۆربەی ڕاپۆرتەکانی توێژەر لێکدەچێت و تەنیا زانیارییە کەسییەکانی گۆڕاوە.
**٥. هۆکاری کۆمەڵایەتی:** هۆشیاریی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای کوردیدا لەو ئاستەدا نییە لە کاتی چارەسەرکردنی کێشەکان، خەڵک پەنا بۆ

توێژەری کۆمەڵایەتی ببات، بە پێچەوانەوە زیاتر متمانەیان بە مامۆستای ئاینی هەیە، کەسانی بەئەزموون، ڕیشسپی و تاد....

کەواتە بەپێی ئەم ئەنجامە بێت، ئەو هۆکارانەی کە وادەکات توێژەری کۆمەڵایەتی بەپێی پێویست لە دادگادا بە ڕۆڵ و ئەرکی خۆی هەڵنەستێت، جۆراوجۆرن، نەک تەنیا توانا خودییەکانی، بەڵکو حکومەت بە کەمتەرخەمی لە دابینکردنی پێویستییەکانی جێبەجێکردنی ئەم پیشەیە، هەروەها خودی یاسا و بارودۆخی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگا بە گشتی بەرپرسیارن لەوەی ڕۆڵی توێژەر سست و کەم بایەخ دەرکەوێت. ئەم ئەنجامە نزیکە لە ئەنجامی توێژینەوەیەکی پێشوو کە دەرکەوتووە توێژەران ڕۆڵیان لاواز، ڕووکەشانە و ناکاریگەرە لە زۆربەی کەیسەکان لەبەر ئەم هۆکارانە: کەمیی توانستی توێژەرەکان، نەبوونی پاڵپشتیی ماددی و مەعنەوی بۆیان، پشتگوێخستنی ئەو ڕاپۆرتانەی پێشکەشی دادگای دەکەن لە لایەن هەندێک دادوەر، سەرەڕای لاوازیی کۆڵەکە سەرەکییە پێویستەکان بۆ کارکردن لە شوێنی تایبەت بە کارکردنیان، یان دابینکردنی هۆیەکان و ناوەندەکانی گواستنەوە بە مەبەستی ئەنجامدانی سەردانیکردنی ماڵی گرفتارەکان (القريشي،2014). لە لایەکی ترەوە، ئەنجامی توێژینەوەکەی (حسن و عليوي:2018) کە ئاماژە دەکات بە لاوازیی ڕۆڵی توێژەری کۆمەڵایەتی لە درککردن بە کەیسەکانی تەڵاق و لاوازیی ڕێوشوێنەکانی کارکردنیان، یان سستیی کاریگەرییان لەسەر کەیسەکان، لە ئەنجامی نەبوونی پاڵپشتیی ماددی و مەعنەوی، هەروەها لەبەرچاونەگرتنی ڕاپۆرتەکانیان لە لایەن هەندێک لە دادوەران.

## ٣. کاریگەریی ڕاپۆرتەکانی توێژەری کۆمەڵایەتی لەسەر بڕیارەکانی دادگا

وەک داواکاری و بەرپرسیارێتییەکی یاسایی-پیشەیی، توێژەری کۆمەڵایەتی دوای ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەو لایەنانەی کێشەیان هەیە، دەبێت ڕاپۆرتێک سەبارەت بە کەیسەکە و هۆکارەکانی ڕوودانی کێشەکە، هەروەها ڕا و پێشنیازی خۆی بە مەبەستی یەکلاکردنەوە و کۆتاییهێنان بە کێشەکە، پێشکەش بە دادوەری تایبەتمەند بکات. سەبارەت بەوەی توێژەر لە ڕێگای ئەم ڕاپۆرتە چۆن کاریگەری دروستدەکات، هەروەها تا چەند ڕای بەهەند وەردەگیرێت و بەشداری پێدەکرێت لە بڕیارەکانی دادگا، بۆچوونی پارێزەران بەم شێوەیە: پارێزەر (ش. م.) دەڵێت: [***ڕاپۆرتی توێژەر لەبەرچاودەگیرێت، بەڵام ئەگەر لەو ڕاپۆرتە دەرکەوت کە ژن و مێردێک ناگەنە ڕێککەوتن، ئەوە حەکەم دادەندرێت لە هەردوو لایەن، کە پێویستە یەکێک لەمانە بێت: باوک، مام، خاڵ، برا، ئامۆزا، هاوڕێی نزیک. ئەم حەکەمانە هەوڵدەدەن خاڵی هاوبەش لە نێوان ژن و مێردەکە بدۆزنەوە بە مەبەستی چارەسەری، ڕاپۆرتی خۆیان پێشکەشی دادگا دەکەن، ئەگەر ئەمەش سودی نەبوو، حەکەمی سێیەم کە دادگا بڕیاری لەسەر دەدات و پێویستە پارێزەرێکی خاوەن ئەزموون و شارەزا بێت***]. پارێزەر (ئ. ک.) پێیوایە: [***ڕاپۆرتەکە زۆر کاریگەریی هەیە و ئیعتیباری بۆ دادەنرێت، چونکە ئەگەر لەو ڕاپۆرتەدا ژن و مێردێک بگەنەوە یەک، ئەوە داواکە کۆتاییدێت، ئەگەر واش نەبێت، هەر لەسەر ڕاپۆرتی توێژەر قۆناغی دووەم دێت کە حەکەم لە هەردوولا هەڵدەبژێردرێن. کەواتە ڕۆڵی توێژەر یەکەمە، چ بڕیارێک بدات لەسەر بنەمای بڕیاری ڕاپۆرتەکە، دادگا پەنا بۆ کەسوکاریی هەردوولایان دەبات***]. بۆچوونی ئەم دوو پارێزەرە جەخت لەسەر گرنگی و کاریگەریی ڕاپۆرتی توێژەری کۆمەڵایەتی دەکەنەوە. سەبارەت بە ناوەڕۆک و

کاریگەریی ڕاپۆرتی توێژەر پارێزەر (ئ. ع.) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات: [***ڕاپۆرتەکان جێی ئیعتیبارن و کاریگەرییان هەیە، بەڵام بەداخەوە ناوەڕۆکی ئەم ڕاپۆرتانە بە عەمەلی نەنووسراوە. لە وڵاتان توێژەر سەردانیماڵی خاوەن کێشە دەکات، بارودۆخی خێزانی دەبینێت، چەند جارێک لەگەڵی دادەنیشێت و دیراسەی ژیانی دەکات، ئەوکاتە بڕیاردەدات و ڕاپۆرت دەنووسێت، بەڵام لای ئێمە تەنیا مەسەلەیەکی شکلییە و چەند پرسیارێک دەکات و دەیکاتە ڕاپۆرت. ڕاستە ڕاپۆرتەکە ئیجباری نییە، بەڵام زۆرجار کاریگەریی لەسەر بڕیاری دادگا هەیە، چونکە لە کۆتاییدا دادوەر بۆ زانینی کەمتەرخەمی هەر لایەنێکی کێشەکە، یان هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاپۆرتە***]. هەروەها پارێزەر(س.ە.) بۆچوونی وایە کە :[***ڕاپۆرتەکە لە ڕووی یاساییەوە تەواوە، بەڵام لە ڕووی ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتییەوە کەموکورتی تێدایە. توێژەر دانیشتنێکی سوەرِی لەگەڵ ژن و مێرد ئەنجامدەدات***]. لە لایەکی تر پارێزەر (س. ع.) دەڵێت: [***هیچ کێشەیەکی جیابوونەوە بەبێ ڕاپۆرتی توێژەر تێپەڕنابێت. ڕاپۆرتەکانیان لاوازە، عادەتەن ناتوانن پێکیانبێننەوە. قسە لەگەڵکردنەکە کارێکی ڕۆتینییە، زۆربەی پرسیار و وەڵامەکان وەک یەکن، لە کاتێکدا هیچ کەیسێک لە کەیسێکی تر ناچێت، ئەگەر نزیکیش بن لێک، ئەوە بارودۆخی خێزانەکان جیاوازن. ئەمە وادەکات کە پێویستە هەوڵەکانی توێژەر لەگەڵ کەیسەکان جیاواز بن، کەچی چاوپێکەوتنەکان دووبارەن و نووسینی ڕاپۆرتەکان وەکو فۆرمێکی ئامادەکراو وایە. دادگا ناچارە ئەم ڕاپۆرتە وەربگرێت، چونکە ئەمە یاسایە، بەڵام ناچار نییە بەپێی ئەو ڕاپۆرتە بڕیاربدات. واتە یاسا دادگای پابەندکردووە بە وەرگرتنی ڕای توێژەر، بەڵام ناچار نییە لەسەر ئەو ڕایە بڕیاربدات***]. پارێزەر (د. س.) پێیوایە: [***توێژەر وەک نووسەری زابتە، تەنیا ڕاپۆرت دەنووسێت بێ ئەوەی هۆکاری کێشەکە دیاری بکات. ئەم ڕاپۆرتەش دادگا پشتیپێدەبەستێت***]. ئەم بۆچوونانە ئەوە ڕووندەکەنەوە کە ڕاستە ڕاپۆرتی توێژەر لە لایەن دادگاوە وەردەگیرێت،

بەڵام کاریگەرییەکەی لە ڕووی ناوەڕۆکەوە بەهێز و ئەرێنی نییە، بەهۆی کەمتەرخەمیی توێژەر لە جێبەجێکردنی ئەرکەکەی وەک لایەنێکی ناوەندگیر لە نێوان لایەنە ناکۆکەکان، لە پێدانی ڕێنمایی و ڕێگاچارەی گونجاو بۆ کێشەکانیان.

پارێزەر (گ. ب.) پێیوایە: [تەنیا ڕاپۆرت دەنووسێت و ڕەوانەی دادگای دەکات، هیچ کاریگەریی نییە]. هەروەها پارێزەر (س. ف.) دەڵێت: [ڕاپۆرتەکانیان زۆر جێی بایەخ نییە، چونکە زۆربەی داواکانی باری کەسێتی سوربوونی تێدایە. بۆنموونە: کاتێک پیاوێک دەڵێت ژنەکەم تەڵاق دەدەم و توێژەر نایخوا لای من. دادگا چەند هەوڵدەدات سوودی نییە]. ئەم دوو پارێزەرە ڕاپۆرتی توێژەر بە ناکاریگەر وەسفدەکەن، هەروەها بڕوانەبوون بە ڕۆڵی توێژەری کۆمەڵایەتیش، یەکێکە لە هۆکارەکان. لە لایەکی ترەوە پارێزەر (پ. م.) ئاماژە بەوە دەکات: [دادگا و دادوەران بە میزاجی خۆیانە، هەندێکجار ڕاپۆرتەکە وەردەگرن و هەندێکجاریش هەر تەماشی ناکەن. دادوەر هەیە تەنیا بۆئەوەی بڵێن ئەوراقەکانی لە ڕووی یاساییەوە بێ کەموکورتییە و ڕاپۆرتی توێژەری تێدایە، ئەگەر نا هیچ ئیعتیبارێکی بۆ دانانێت]. هەروەها پارێزەر(ز. ن.) هەمان بۆچوونی هەیە و دەڵێت: [هەندێکجار ڕاپۆرتەکەی وەردەگیرێت، هەندێکجار سەیری ناکات تەنیا لەبەر ئیجرائاتەکان کەیس دەنێرێتە لای توێژەر]. ئەم دوو بۆچوونە پێماندەڵێن هەندێکجار میزاجی کەسی دادوەر ڕۆڵ دەبینێت لە بەهەند وەرگرتن، یان پشتگوێخستنی ڕاپۆرتی توێژەر، وێڕای ئەوەی هەندێکیان تەنیا وەک جێبەجێکردنی ڕێکارێکی یاسایی سەیری ڕۆڵ و ئەرکی توێژەر دەکەن، ئەمەش بۆخۆی بێبایەخ نیشاندانی ڕۆڵی توێژەرە لەنێو دادگادا.

بە شێوەیەکی گشتی لەکۆی بۆچوونی زۆرینە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ڕاپۆرتی توێژەری کۆمەڵایەتی لەبەرچاودەگیرێت و لە دادگادا ڕۆڵی یاسایی پێدەدرێت، بەڵام مەرج نییە بۆ بڕیاری کۆتایی، دادگا

پشتیپێبەستێت، هەروەها ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکان لە ڕووی دارشتن و لێکۆڵینەوەی کەیسەکان کەموکورتی تێدایە و بەپێی پێویست زانیارییە پێویستەکان لە هەردوو لایەنی کێشەکە وەرناگیرێن. جێی ئاماژەیە لە کاتی ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ توێژەری کۆمەڵایەتی لەنێو دادگای باری کەسێتی، کە لەو کاتەدا خەریکی ئەنجامدانی چاوپێکەوتن بوو لەگەڵ کەیسەکانی دادگا، تێبینی ئەوەمان کرد کە لە پرسیارکردندا ناچێتە ناو وردەکارییەکانی کێشەکە، زیاتر جەخت لەوەدەکاتەوە کە ئایا دادخواز سوورە لەسەر داواکەی یان پەشیماندەبێتەوە، هەروەها لە هۆکاری کێشەکەش دەپرسێت، بەبێ هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی. ئەمە بۆخۆی کەمتەرخەمی و بێئاگایی توێژەر دەگەیەنێت لە ڕۆڵی پیشەیی خۆی کە بە یاسا ڕێگەی پێدراوە و دەتوانێت هەوڵبدات وەک کەسێکی پسپۆڕ کێشەکان چارەسەربکات.

## ٤. کەمیی ژمارەی توێژەری کۆمەڵایەتی

دروستکردنی پەیوەندیی پیشەیی و تەرخانکردنی کاتی گونجاو، دوو توخمی گرنگی پڕۆسەی یارمەتیدانن. لە تیۆریی ئەرکگەراییدا، توێژەری کۆمەڵایەتی لەسەریەتی پەیوەندیی پیشەیی دروستبکات لەگەڵ گرفتارەکانی تاوەکو بتوانێت کاریگەریی ئەرێنی لەسەریان دروستبکات، دروستبوونی ئەم پەیوەندییەش پێویستی بە کاتە (عبدالخالق،47:2008). کاتێک ژمارەی توێژەران بەپێی پێویست نەبێت، نەتوانن کاتی پێویست بۆ هەر کەیسێک تەرخان بکەن، ئەنجامی پڕۆسەی یارمەتیدانیش دەشێت ئەرێنی نەبێت. لە ئێستادا بەهۆی زۆربوونی کێشە خێزانی و کۆمەڵایەتییەکان لە هەرێمی کوردستاندا، ژمارەی کەیسەکانی دادگاش بەردەوام لە بەرزبوونەوەدایە. لە بەرانبەر ئەم بارودۆخەدا، وا بەباش دەزانرێت کە ژمارەی توێژەرانی کۆمەڵایەتیش بەپێی پێویست بێت. سەبارەت بەم پرسە، کۆی گشتی بۆچوونی پارێزەران بریتییە لەوەی کە

ژمارەی توێژەران کەمە بە بەراورد لەگەڵ ژمارەی کەیسەکانی دادگا. بۆ نموونە: پارێزەر(ش. م.) دەڵێت: [***ژمارەیان کەمە، ئەمەش وا دەکات توانای نووسینی ئەو هەموو ڕاپۆرتەیان نەبێت و چەند وشەیەکی دووبارە دەنووسنەوە، ئەگەر زۆر بن بە ئەوراقەکانیش ڕادەگەن***]. لە لایەکی تر پارێزەر (پ. م.) ئاماژە بۆ ئەوەدەکات: [***بەهۆی کەمیی ژمارەیان، قەزیە هەیە چەندین جار دێت و دەڕوات تا جارێک بەریدەکەوێت توێژەر ببینێت***]. پارێزەر (س. ه.) پێیوایە:[***کەمیی ژمارەیان بەشێکە لە کێشەکان، ئەگەر ژمارەیان زیاتر بێت، دەتوانن زیاتر بایەخ بە داواکانیان بدەن***]. پارێزەر (س. ف.) بەهەمان شێوەی ئەوانی تر ئاماژە بۆ کەمیی ژمارەیان دەکات و دەڵێت: [***هەرچەندە لە هەرسێ دادگای نەوجەوانان، باری کەسێتی و توندوتیژیی خێزانی هەن، بەڵام ژمارەیان کەمە***] هەروەها پارێزەر (د. س.) پێیوایە: [***ژمارەیان کەمە و ناتوانن حەقی تەواوی کەیسەکان بدەن***]. ئەم بۆچوونانە پێماندەڵێن کاتێک ژمارەی توێژەران کەم بێت، کەیسەکانی دادگا بەپێی پێویست بەدواداچوونیان بۆ ناکرێت و لەبری چارەسەری کێشەکانیان، تەنیا وەک ڕێکارێکی یاسایی لە لایەن توێژەری کۆمەڵایەتییەوە لاپەڕەی ڕاپۆرتەکانیان پڕدەکرێنەوە. پارێزەر (ز. ن.) دەڵێت: [***تەنیا دوو توێژەری کۆمەڵایەتی هەیە لەناو دادگای باری کەسێتی هەولێر لەگەڵ شەش دادوەر، کە ساڵانە پێنج بۆ شەش هەزار داوا وەردەگرن. هەندێکجار دادوەر قەزیە دەنێرێتە لای توێژەر دەڵێت ئەمڕۆ مەجالم نییە، هەفتەیەکی تر وەرەوە***]. پارێزەر (ئ. ع.) پێیوایە: [***نەک هەر توێژەران ژمارەیان کەمە، هەتا داوەرەکانیش ژمارەیان بەپێی پێویست نییە. کێشەکان لە مەحکەمەی شەرعی ڕۆژ دوای ڕۆژ لە زیادبوونە، بەڵام ژمارەی توێژەر و دادوەر هەروەک خۆیەتی، ئەمەش هۆکارە بۆ سستیی ڕۆڵیان و ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکانیان***]. هەروەها پارێزەر (س. ع.) دەڵێت: [***تەنیا دوو توێژەر و شەش مەحکەمەی شەرعی لەناو شاری هەولێرن، لەوانەیە پێویستیان بە چواری تر هەبێت، چونکە***

***بەردەوام چاوپێکەوتن و ڕاپۆرتییان هەیە و پێڕاناگەن هەموو کەیسەکان ببینن. بە گشتی کەموکوڕیمان لە هەموو سیستەمی ئیداری هەیە و کارەکان بە شێوازی کۆن بەڕێوەدەچن].*** لە لایەکی تر پارێزەر(گ. ب.) پێیوایە: [***ڕۆژانە بەو ژمارە کەمەیان ناتوانن ئەو هەموو داوایە ببینن. دەبوایە زیاتر بن. لە ساڵی1987 و لە مەحکەمەم تا ئێستا دوو توێژەری کۆمەڵایەتی دەبینم. یەک ژووریان هەیە، دەبێت دائیرەیەکی کاملیان بۆ دابنرێت، ژووری چاوپێکەوتنیان هەبێت و یەکێک سەرۆکیان بێت. سەبارەت بە کەیسەکان گفتوگۆ لە نێوان خۆیان بکەن، دواتر ڕاپۆرت بۆ دادوەر بنێرن، یان داواکاری گشتی لەگەڵیان تەنسیق بکات***]. پارێزەر (ئ. ک.) پێیوایە: [***ژمارەیان کەمە، پێویستە زیاتر بکرێن و دادگا زیاتر ئیعتیمادی لەسەر ئەوان بێت. ڕاستە یاسا ڕۆڵێکی پێداوە، بەڵام حکومەت وەک پێویست گرنگی پێنەداون***]. ئەم بۆچوونانە ئاماژەن بۆئەوەی تەنیا توێژەرە کۆمەڵایەتییەکان ژمارەیان کەم نییە، بەڵکو ژمارەی دادوەرانیش لە ئاستی پێویست نییە. حکومەت بە کەمتەرخەم دادەنرێت بەرانبەر بەم کەموکورتییانە، لە کەمیی ژمارە و نەبوونی شوێنی گونجاو و شێوازی بەڕێوەبردنی کارەکان، وێڕای بوونی ژمارەیەکی زۆری کەیس کە ڕۆژانە ڕوو لە دادگاکان دەکەن.

کەواتە ئەم بۆچوونانە بەم ئەنجامەمان دەگەیەنن کە کەمیی ژمارەی توێژەران یەکێکە لە هۆکارەکانی گرنگینەدان بە کەیسەکان و هەوڵنەدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان، بەرلەوەی دادگا بە بڕیارێکی یاسایی یەکلایان بکاتەوە. ئەمە ئاماژەیەکە بۆ بایەخنەدان بە ڕۆڵی توێژەری کۆمەڵایەتی لەناو دادگادا، هەروەها سەیرکردنی وەکو هەر فەرمانبەرێکی ئاسایی، لە کاتێکدا پیادەکردنی ئەم پیشەیە پێویستی بە ژمارەیەکی گونجاو لە توێژەرانی کۆمەڵایەتی، هەروەها شوێنێکی شیاو و دابینکردنی تەواوی پێداویستییە پیشەییەکان هەیە. هەروەکو لە ماددەی (10)ی

ڕێنماییەکانی تایبەت بە یاسای توێژینەوەی کۆمەڵایەتی لە دادگاکانی باری کەسێتی جەختکراوەتەوە لەسەر دابینکردنی شوێنی گونجاو و پێداویستییە ماددییەکان بۆ نووسینگەی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی، لە لایەن دادگای ناوبراو (قانون خاصة بالبحث الاجتماعي في محاكم الاحوال الشخصية،1985).

### ٥. سستیی ڕۆڵی لیژنەی ئاشتەوایی

هەروەکو لە ناوەکەی دیارە کاری لیژنەی ئاشتەوایی، ئاشتکردنەوەی ئەو کەسانەیە کە لێکتێنەگەیشتن و نەگونجان لە نێوانیان ڕوویداوە بە هەر هۆکارێک کە کێشەکانیان گەیشتۆتە حاڵەتی توندوتیژی. سەبارەت بە ڕۆڵی ئەم لیژنەیە بە گشتی و توێژەرانی کۆمەڵایەتی بە تایبەتی لەم لیژنەیەدا، بۆچوونەکانی نموونەی توێژینەوەکە ئەرێنی نین، بۆ نموونە: پارێزەر (ئ. ع.) پێیوایە: [***کارەساتە، تەنیا ناوێکە و هیچی تر، چونکە شکلییە و ژن و مێرد بانگدەکەن، یەک دوو پرسیارییان لێدەکەن و ڕاپۆرت دەنووسن. دەبێت بەلای کەمی چەند دانیشتنێک لەگەڵیان ئەنجامبدەن بە جیا و پێکەوە، سەردانی هەردوو لا بکرێت. ڕاستە بە یاسا ئەم لیژنەیە پێکهێنراوە، بەڵام پێویستییان بە خول و ڕاهێنان هەیە. نابێت کەسانی ئامادەنەکراو و بێئەزموون لەو لیژنەیە بن کە تازە دەرچوونە و شارەزاییان کەمە***]. هەروەها پارێزەر (د. س.) دەڵێت: [***بەڕای من ئەم لیژنەیە هەبێت یان نەبێت ڕۆڵێکی ئەوتۆی نییە. توێژەر دەبێت لێکۆڵینەوە بکات، هەڵەکان دیاریبکات و ڕوونبکاتەوە، هەروەها چارەسەربکات. تەنیا بە دوو دەقیقە دانیشتن وەزیفەیەک لەکۆڵخۆی بکاتەوە، نەتیجەی نابێت***]. لە لایەکی تر پارێزەر (ئ. ک.) ئاماژە بۆئەوە دەکات: [***هەرچەندە ڕۆڵی توێژەر لە دادگای باری کەسێتی و لە لیژنەی ئاشتەوایی جیاوازە، بەڵام لە هەردوولا خۆماندووکردن و لێهاتوویی ڕۆڵ دەبینێت. توێژەر هەیە کاریگەریی لەسەر کەیسەکە دروستدەکات، هەیە تەنیا یەک دوو پرسیار***

***دەکات و ڕاپۆرت دەنووسێت کە پێکەوە ناگونجێن]***. هەریەکە لە پارێزەران (س. ە، ز. ن، پ. م، ش.م، گ.ب.) بۆچوونی هاوشێوەیان هەیە سەبارەت بە ڕۆڵی ئەم لیژنەیە و پێیانوایە: [***ڕۆڵیان بەپێی پێویست نییە، هەروەکو توێژەرانی دادگای باری کەسێتی نەیانتوانیوە بە ئەرکی خۆیان هەڵبستن]***. کۆی ئەم بۆچوونانە کەمتەرخەمیی لیژنەکە لە گرنگیدان و بەدواداچوونی کەیسەکان دەگەڕێننەوە بۆ کەمئەزموونی و نەشارەزایی توێژەران لە پرۆسەی لێکۆڵینەوە و چارەسەرکردنی کێشەکان، هەروەها گرنگینەدان بە تەرخانکردنی کاتی پێویست بۆ لێکۆڵینەوە لە کێشەکان و ڕوونکردنەوە و دیاریکردنی هۆکارەکانی ڕوودانیان، ئەمەش بێگومان کاریگەریی لەسەر ئەنجامی کۆتایی چارەسەرییەکان دەبێت. پارێزەر (س. ع) دەڵێت: [***وێرانترە لە توێژەرانی باری کەسێتی. زۆرجار ئەگەر مەلایەک تەدەخولی کێشەی نێوان ژن و مێردێک بکات، پێی چارەسەردەبێت پێش ئەوەی بگاتە مەحکەمە، بەس توێژەر و لیژنەی ئاشتەوایی پێیان چارەسەر نابێت. ئەمانە وەک وەزیفە سەیری کارەکەیان دەکەن کە ڕاپۆرت بنووسن و تەقدیمی مەحکەمەی بکەن. کێشەی ژن و مێردەکە کێشەی ئەوان نییە، بەهۆی زۆری کێشەکانیش لەوانەیە دە دەقیقە لەگەڵ کەیسەکان قسەبکەن کە لەوانەیە کەیس هەبێت پێویستی بە سێ سعات دانیشتن هەبێت، بەلام بۆ مەلایەکە وانییە، هەم کاریزمایەکی کۆمەلایەتی هەیە ژن و مێردەکە زیاتر گوێی لێڕادەگرن، هەم بابەتەکە وەک وەزیفە تەماشاناکات، هەوڵەکانی چڕوپڕترە کە بەداخەوە ئەوە کاری توێژەرانە نەک مەلایەک. چارەسەرکردنی کێشەی کەسێک واجبی توێژەرە، لای ئێمە زیاتر ئیش بەڕێکردنە، ئەمەش کۆمەڵێک هۆکاری هەیە و خەتابەری سەرەکی تەنیا توێژەرەکە نییە***]. هەڵبەتە، ئەم بۆچوونە دەریدەخات کە ئاستی هۆشیاری و تێگەیشتنی خەڵک چۆنە سەبارەت بە ڕۆڵ و ئەرکی توێژەران بە گشتی و لیژنەی ئاشتەوایی بە تایبەتی. تێنەگەیشتنی توێژەر لە ڕۆڵی پیشەیی خۆی، هۆکارێکی ترە لەوەی کە نەتوانێت کاریگەریی هەبێت لەسەر

یەکلاکردنەوەی کەیسەکان. لە لایەکی تر پارێزەر (س. ف.) ئاماژە بۆ ئەوەدەکات: [***ئەم لێژنەیە لە مستەوایەکی بەرز دانراوە بەپێی یاسای توندوتیژیی خێزانی، تیایدا چەند وەزارەتێک نوێنەریان هەیە. لە ئاستێکی باشن، بەڵام کە داواکار یان داوالێکراو تەبلیغ دەکەن ئامادەنابن، یان ناگەنە چارەسەر و نازانن چ ڕاپۆرتێک بنووسن. قەزیە هەیە ساڵێک تێپەڕدەبێت بەسەریدا، لێژنە نەیتوانیوە دوو جار بیانبینێت. لە کۆتاییدا بێزاردەبن و ڕاپۆرتی خۆیان دەنووسن و تەحویلی مەحکەمەی دەکەن. لێژنەکە پێیانخۆشە کاریگەرییان لەسەر قەزیەکان هەبێت، بەڵام کاتێک داواکان بەرزدەکرێنەوە بۆ دادگای جینایات و ڕاپۆرتی پزیشکی دێتە گۆڕێ، کاری لێژنەکە ڕادەوەستێ. گەورەترین هەڵەی لێژنە ئەوەیە کە ڕێگا نادەن پارێزەر بچێتە دانیشتنەکانیان، لە هیچ قەزیەکی جینایەتیش توێژەری کۆمەڵایەتی نییە، تەنیا بە بڕیار و لەکاتی پێویست، کاتێک تەقریری نەفسی هەبێت***]. ئەم بۆچوونە سستیی ڕۆڵی لێژنەکە دەگەڕێنێتەوە بۆ کەمتەرخەمیی ئەو کەسانەی کێشەیان هەیە، کە بەپێی پێویست ئامادەباشییان تێدانییە بۆ لێکتێگەیشتن و نزیکبوونەوە لەیەکتری، ئەمەش بۆخۆی دەبێتە هۆکاری دواخستنی چارەسەر و سستبوونی کارەکانی لێژنەکە. وێڕای ئەمانە، ڕێکارە یاساییەکان و نەبوونی توێژەری کۆمەڵایەتی لە دادگای جینایات، هەروەها بەشداری پێنەکردنی پارێزەران لە کاتی پڕۆسەی لێکۆڵینەوەی کەیسەکان لە لێژنەی ئاشتەوایی، هۆکاری ترن.

بە گشتی بۆچوونەکان بەو ئەنجامەمان دەگەیەنن کە هۆکارەکانی سستیی ڕۆڵی لێژنەی ئاشتەوایی دەگەڕێنەوە بۆ: کەمئەزموونی و نەشارەزاییی ئەندامانی لێژنەکە. بەگرنگنەڕوانینی ڕۆڵیان لە چارەسەرکردنی کێشەکان لە ئاستی کۆمەڵگادا، هەروەها ڕێگرییە یاساییەکان سەبارەت بە ئامادەنەبوونی پارێزەران لە لێژنەی ئاشتەوایی و

توێژەران لە پڕۆسەی دادگاییەکان. نەبوونی ئامادەباشیی کەسی لە لایەن گرفتارەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان. جێی ئاماژەیە، لە ڕێنمایی ژمارە (4)ی ساڵی2018، کە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەرچووە، بە مەبەستی ڕێکخستنی کاروبارەکانی ئەم لێژنەیە، هاتووە کە دەبێت لێژنەکە لەماوەی دوو هەفتەدا ڕاپۆرتی کۆتایی سەبارەت بە هەر کەیسێک ڕەوانەی دادگا، یان ئەو لایەنە بکاتەوە کە داوای کەیسەکەی ناردووە. بەسەرنجدان لەم ڕێکارە کارگێڕییە، دەردەکەوێت کە بەپێی پێویست بایەخ بە لێکۆڵینەوەی کەیسەکان نادرێت، چونکە کارێکی ئاسان نییە کێشەیەکی خێزانی کە چووبێتە بواری بەکارهێنانی توندوتیژییەوە، بەم ماوە کەمە بە ڕاپۆرتێک بڕیاری لەسەربدرێت. ئەمە جۆرێکە لە هەڵەتێگەیشتن لە کاری لێژنەکە بە گشتی و ئەرکی توێژەری کۆمەڵایەتی بە تایبەتی. دەکرێت هۆکاری ئەم هەڵەیە بگەڕێتەوە بۆئەوەی کە ئەم ڕێنماییە لە لایەن وەزارەتی ناوخۆوە دەرچووە، بە شێوازێکی پۆلیسی و سەربازی مامەڵە لەگەڵ ڕۆڵی لێژنەکە دەکات، لە کاتێکدا ئەرکی لێژنەکە لە لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی بۆ کەیسەکان زۆر جیاوازە لە لێکۆڵینەوەی پۆلیسی، کە تەنیا وەرگرتنی زانیارییە لە کەیسەکان بەبێ هەوڵی چارەسەرکردن، ئەمەش تەواو پێچەوانەی بەرپرسیارێتییەکانی لێژنەی ئاشتەواییە.

## ٦. پێشنیازەکانی باشترکردنی ڕۆڵی توێژەری کۆمەڵایەتی لە دادگادا

به ئامانجی باشترکردنی ڕۆڵی توێژەری کۆمەڵایەتی لە دادگا و کاریگەری دروستکردن لەسەر بڕیارەکان، هەروەها بەشداریکردنی زیاتر لە پڕۆسە یاساییەکان، پێشنیازەکانی نموونەی توێژینەوەکە ئەمانەی خوارەوەن:

١. زیادکردنی ژمارەی توێژەرانی کۆمەڵایەتی لەنێو هەردوو دادگای باری کەسێتی و توندوتیژیی خێزانی، تا بتوانن بەپێی پێویست گرنگی بە کەیسەکان بدەن و ئەنجامی ئەرێنی لە چارەسەرکردنی کێشەکان بەدەستبێنن.
٢. بەهۆی زۆریی ژمارەی کەیسەکان، دادگا ماوەی پێویستی نییە بۆ گوێگرتن لە تەواوی ڕووداوەکان، لەبەرئەوە پێویستە توێژەری کۆمەڵایەتی بەر لەوەی ڕاپۆرت پێشکەشی دادگا بکات، چاوپێکەوتنی ورد و دووردرێژ لەگەڵ کەیسەکان ئەنجامبدات و بە ئەمانەتەوە بیگەیەنێتە دادگا.
٣. پێویستە بەپێی یاسا توێژەری کۆمەڵایەتی چاودێری هەبێت لەکاتی ئەنجامدانی پرۆسەی چاوپێکەوتنی کەیسەکان، ئەم چاودێرەش ئەندام بێت لە داواکاریی گشتی، بۆئەوەی هیچ جۆرە دەستتێوەردانێکی دەرەکی یان لایەنگیری بۆ هیچ کام لە لایەنەکانی کێشەکە ڕوونەدات.
٤. پێویستە ساڵانە هەڵسەنگاندن بۆ ڕاپۆرتەکانیان بکرێت. دوای چارەسەرکردنی هەر کێشەیەک لە ڕاپۆرتەکاندا ئەوە ڕوونبکرێتەوە کە چۆن و بە چ شێوازێک پرۆسەی چارەسەرکردنەکە ئەنجامدراوە، تا جۆرێک لە کێبڕکێی ئەرێنی لە نێوان توێژەرەکان دروستببێت، بە مەبەستی بەرەوپێشبردنی ئاستیان.
٥. پێویستە ساڵانە خولی ڕاهێنانیان بۆ بکرێتەوە، چونکە بابەتی نوێ پەیدادەبێت و چەمک و تێگەیشتنەکان دەگۆڕێن. پێویستە فێربکرێن کە چۆن زانیارییە تیۆرییەکان لە واقیعی کارکردندا بەکاربێنن. زانیاریی پێویست و کاری ئارەزوومەندانە، ئامادەباشیی زیاتر دەکات لە لای توێژەران کە بە بایەخ و دڵسۆزییەوە پیشەکەیان ئەنجامبدەن.

٦. پێویستە هەموو پێداویستییە پیشەییەکانیان دابینبکرێن. شوێنی گونجاویان بۆ دروستبکرێت کە هێمنی و دڵنیایی پاراستنی نهێنیی ژیانی گرفتارەکان دەستەبەربکات.
٧. پێویستە توێژەری کۆمەڵایەتی لە هەموو بوارەکاندا ڕۆڵی هەبێت و گرنگی زیاتریی پێبدرێت، بە تایبەتی کە لە ئێستادا کێشە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگادا ڕوو لە زیادبوونن. واتە پێویستە ئومێد لە لای خەڵک دروستبکرێت کە تەنیا دادگا کێشەکان چارەسەرناکات، بەڵکو توێژەری کۆمەڵایەتیش دەتوانێت ئەو کارە ئەنجامبدات.
٨. پێویستە ژمارەیەک مەرج بۆ کارکردنی توێژەری کۆمەڵایەتی لە دادگادا دیاریبکرێن بەپێی یاسا، تا ڕۆڵی زیاتریان پێبدرێت، لەوانە: شارەزایی کارکردنیان لە دە ساڵ کەمتر نەبێت، تا بتوانن لە بواری چارەسەرکردنی کێشەکان کاربکەن، هەروەها تاقیکردنەوەی کرداری و تیۆرییان پێبکرێت، چونکە لە دادگادا کێشەی گەورە دەخرێتە بەردەستیان. یەک هەڵەی توێژەر، لەوانەیە چارەنووسی خێزانێک بە لاڕێدا بەرێت.
٩. پێویستە لە کەیسەکانی کەتن و تاوان، توێژەری کۆمەڵایەتی ڕۆڵی هەبێت و ڕێنمایی تاوانباران بکات. زۆرجار ڕاپۆرتی پزیشکی نادروست دەدرێت بە دادگا، بە مەبەستی دەرچوون یان سووککردنی سزا، توێژەر دەتوانێت لەم بوارەدا بەدواداچوون بکات و ڕاستییەکان بۆ دادگا بخاتەڕوو.

سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی لیژنەی ئاشتەوایی و ڕۆڵی توێژەری کۆمەڵایەتی لەم لیژنەیەدا، لە لایەن کەیسەکانی دادگای توندوتیژیی خێزانی، بۆچوونەکان بەسەر دوو تەوەردا دابەشکراوە:

## ١. ئاستی ڕەزامەندیی کەیسەکان بە پێشنیاز و ڕێنماییەکانی توێژەری کۆمەڵایەتی لە لیژنەی ئاشتەوایی

لە ڕێگای کارکردن لەگەڵ حاڵەتی تاکەکەسی ئەرکگەرایی، پێویستە توێژەری کۆمەڵایەتی بە ویستێکی جیاواز لە ویستی گرفتارەکانی کاربکات، مەبەست لەم شێوازە کارکردنەش، بەئاگاهێنانەوەی ویستی گرفتارەکانە، بۆئەوەی ببێتە پاڵنەرێک لە تێپەڕاندنی کێشەکان و مامەڵکردن لەگەڵ ئەو واقیعەی کە تێیدا دەژین، هەروەها تیشکخستنەسەر کاتی ئێستا، بەوەی هۆشیاری، هەست و ویست لە ئێستایە، نەوەک ڕابردوو (Rank,1945:20-38). ئەو ڕێنمایی و پێشنیازی چارەسەرییانەی کە لیژنەی ئاشتەوایی دەیدات بە لایەنەکانی هەر کەیسێک، بەپێی جیاوازیی بارودۆخ و تایبەتمەندیی کێشەکان بۆ هەر کەیسێک جیاواز دەبێت. بۆچوونی نموونەکە سەبارەت بەو ڕێنمایی و پێشنیازانە جۆراوجۆرە، بۆ نموونە: کەیسی یەکەم دەڵێت: [***بە پێشنیازەکانیان ڕازیم، بە قەناعەتی هەردوولامان کێشەکەمان چارەسەربووە***]. کەیسی دووەم ئاماژە بۆئەوە دەکات: [***پیاوەکەم وەعدی داوە بە لیژنە کە چیتر لێمنەدات و ڕێگام بدات بچمە دەرەوە و بە خراپی مامەڵەم لەگەڵ نەکات***]. ئەم بۆچوونە جەخت لەسەر وەرگرتنی بەڵێننامە دەکاتەوە لە تۆمەتبار، لە لایەن لیژنەی ئاشتەوایی، وەکو مەرجی ئاشتبوونەوە و چارەسەربوونی کێشەی خێزانەکان. کەیسی سێیەم دەڵێت: [***ڕێنمایی و چارەسەرەکەیان زۆرباشبوو، بە دڵم بوو، پێیان گوتین کە ئاشتبینەوە مادام منداڵمان گەورەیە و سێزدە ساڵە زەواجمان کردووە،***

***بەس پیاوەکەم نایەتە ژێرباری داواکارییەکانم و بەتەمای من نییە. دەیەوێ ژنی بهێنی و بڕوات. شکاتەکەی من دەکاتە بەهانە. گوتی: تازە حەیام چووە و ژنم شکاتی لێمکردووە و ناچمەوە ماڵێ].*** ئەم بۆچوونە ئاماژەیەکە بۆئەوەی کارێکی ئاسان نییە لە کۆمەڵگایەکی ڕۆژهەڵاتی، قەناعەت بە پیاو بهێنیت کە سکاڵاکردن مافی یاسایی هەر کەسێکە، بێ جیاوازیی ژن بێت یان پیاو. دروستکردنی ئەم قەناعەتە ئەرکی لێژنەی ئاشتەواییە، تاوەکو بگەنە لێکتێگەیشتن و چارەسەری کێشەکان. لە لایەکی تر، بە پێچەوانەی ئەم بۆچوونانە کەیسی چوارەم دەڵێت: ***[بە پێشنیازەکانیان ڕازی نیم و نەگەیشتینە ڕێککەوتن . لێژنەکە نەیتوانی قەناعەت بە پیاوەکەم بێنی. نامەوێت لەگەڵ پیاوەکەم بژیم و داوادەکات تەنازول لە هەموو مافە یاساییەکان و منداڵەکەم بکەم، ئینجا سکاڵاکەی دەکشێنێتەوە و تەڵاقم دەدات. ئەو بڕیاری لەدەست خۆی نییە، دەبێت خێزانەکەی ڕێگەی بدەن تا سکاڵاکەی بکشێنێتەوە].*** زۆرجار کێشەی نێوان ژن و مێرد، لە ئەنجامی دەستتێوەردانی کەسوکار و خزمە نزیکەکان دروستدەبێت. بارودۆخی ئەم جۆرە کەیسانە پێویستیان بە پەیوەندیکردنی لێژنەی ئاشتەوایی هەیە بە کەسوکاری ژن و مێردەکان، تاوەکو بتوانن بە دروستی هۆکاری کێشەکان دەستنیشانبکەن و بگەنە چارەسەری گونجاو. کەیسی پێنجەم ئاماژە بۆ ئەوەدەکات: ***[باوەڕم بەوە هەیە کە کێشەکەم حەل دەبێت، ڕێنماییەکانم بە دڵە. خۆزگە زووتر ئەو لێژنانە هەبوونایە پێش ئەوەی حاڵەتەکان لەدەست دەربچن. قسەکانی لێژنەکە ڕاست بوو زیاد لە حەد نازم بە کوڕەکەم داوە. عاقڵ بوو هەرچی ویستی بۆمکرد، بەس لەدەستم دەرچوو].*** کەیسی شەشەم دەڵێت: ***[حەل بوو پێکهاتین. بە ڕێنماییەکانیان ڕازیم و هیچ کەموکورتیان نییە. ئامۆژگارییەکانیان زۆرباش بوو، وا هەستم دەکرد ئەوان لەناو کێشەکەی منن. کێشەی ئێمە ئەوەیە لێکتێناگەین و شەڕ لەگەڵ یەکتری دەکەین].*** ئەم دوو کەیسە بۆچوونی ئەرێنییان هەیە سەبارەت بە ڕێنمایی و

پێشنیازەکانی لیژنەی ئاشتەوایی و بوونی ئەم لیژنەیە بە پێویستییەک دادەنێن لە کۆمەڵگا بۆ بەرگرتن لە ڕوودانی کێشەکان. کەیسی حەوتەم ئاماژە بۆ ئەوە دەکات: [***کێشەکەم چارەسەرنەکراوە و تەحویلکراوە بۆ مەحکەمە. ڕۆڵی ئەم لیژنەیە زۆرباشە، بەڵام دەوەستێتەسەر خودی کەسەکە، ئایا گوێدەگرێت یان نا؟ ماوەی ساڵێکە بەدواداچوون بۆ حاڵەتەکەمان دەکەن، تەلەفۆنیان بۆ خێزانم کرد، بەڵام قەناعەتی نییە و ڕازی نییە گوێ لە لیژنەکە بگرێت، لیژنەش کارەکانی کۆتایی پێهاتووە و تەحویلی مەحکەمە کراوە. گوتیان: ژنەکەت دەچێتە مەحکەمە و چاک نابێتەوە، داوایان لێمکرد کە محاوەلەیتری لەگەڵ بکەم***]. ئەم بۆچوونە جەخت لەسەر پرۆسەی بەدواداچوونی کەیسەکان دەکاتەوە لە لایەن لیژنەی ئاشتەوایی. سەرەڕای ئەوە، پێمان دەڵێت: ئەگەرچی لیژنەکە ڕۆڵی باش دەگێڕن، بەڵام ئاستی بڕوا و متمانەی کەسەکانیش بە لیژنەکە گرنگە. کەیسی هەشتەم دەڵێت: [***لیژنەکە هیچ حەلی پێنەبوو من بە پێشنیازەکانیان ڕازی نیم، چونکە پیاوەکەم لێیداوم و سوکایەتی بەخۆم و کەسوکارم دەکات، بە بەڵگە لە لای لیژنەیە. ئەو شەرم لەکەس ناکات و ڕێز بۆ کەس دانانێت. دەمەوێت جیاببینەوە، هیچ ڕێگا چارەیەک نییە***]. کەیسی نۆیەم پێیوایە کێشەکەی لە لیژنە چارەسەرنابێت و دەڵێت: [***لیژنەکە دەڵێت: پێکوەرنەوە و بچنەوە ماڵێ، بیست ساڵە زەواجتان کردووە و منداڵ لە نێوانتانە، بەڵام من ناتوانم، چونکە ژنەکەم دەریکردم و هەموو بەڵگەنامەکانمی برد و شکاتی لێمکرد. لیژنەکە گوتیان: مادام پێکنایەن تەحویلی مەحکەمەتان دەکەین. من هەموو مافەکانی ژنەکەم دەدەم و تەڵاقی دەدەم، بەڵام ژنەکەم دەڵێت: شوقەکەم بەناو بکە ڕازیم بە تەڵاق، منیش لەسەر ئەو هەموو سوکایەتییە ڕازی نابم***]. بەهۆی دروستنەبوونی بڕوا و قەناعەت، هەروەها نەبوونی تێگەیشتن و گونجان لە نێوان هەندێک ژن و مێرد، پرۆسەی ئاشتەوایی و نزیکبوونەوەی نێوانیان لە لایەن لیژنەکەوە کارێکی زەحمەت دەبێت، بە تایبەتیش کاتێک ژن و مێردەکە

مەرج دادەنێن بۆ گەڕانەوەیان بۆ لای یەکتری. بەهۆی زۆریی ژمارەی کەیسەکانیش لە ڕۆژێکدا، کەمتەرخەمی بە هەوڵەکانی لێژنەکەوە دیارە. هەر کاتێک نەسازییەک لە بۆچوونەکانی ژن و مێردێک هەبێت، ڕاستەوخۆ کەیسەکە بۆ دادگای تایبەتمەند دەنێرن، لە کاتێکدا دروستکردنی بڕوا، ڕێز و لێکتێگەیشتن لە نێوانیان ئەوەندەی ئەرکی توێژەری کۆمەڵایەتییە، کاری دادگا و پارێزەر نییە. کەیسی دەیەم دەڵێت: [***بەڵێ کێشەکەم حەل دەبێت و لێژنەکە گوتیان: حەق بەتۆیە. ڕێنماییەکانم بە دڵە. حەقی خۆی پێدەدەم و ڕازیم و لاریم نییە. ئامادەم پەنجەمۆری بۆ بکەم***]. ئەم بۆچوونە وێڕای ئەوەی کە ئەرێنییە، جەختیش لەسەر بوونی بەڵێننامە دەکاتەوە لە لێژنەکە، کە مەرجێکە بۆ ئاشتبوونەوەی نێوان لایەنەکانی هەر کەیسێک، بەپێی ڕێنماییەکانی کارکردنی لێژنەی ئاشتەوایی. کەیسی یازدەم دەڵێت: [***بە پێشنیازی لێژنەکە ڕازی نیم، چونکە دەڵێن: بچنەوە لای یەک بەڵکو ئەمەل هەبێت، داوام لێدەکەن تەنازول بکەم لەسەر داواکەم، ئەو نایکات منیش نایکەم، چونکە هاتە بەردەرگا و گوتی: تەڵاقت دەدەم. دەریکردووم و منداڵەکانیشم لایە***]. کەیسی دوازدەم ئاماژە بۆ ئەوە دەکات: [***پێم باش بوو پێکەوە دانیشین و قسەی خێریان لە بەینمان بکردایە. داوامکرد بێ دانیشێت و هەڵەی خۆمان لەپێشتان دەڵێین و وەعدی پێدەدەم هەڵەم چییە چاکی دەکەم، بەس ژنەکەم ڕازی نەبوو. ئەگەر بیەوێ حەل دەبێ، نەیەوێ نابێ. لێژنەکە دەڵێ: با قەزیەتان بچێتە مەحکەمەی منیش ڕازی بووم. دەبێ ئەو لە حەقی خۆی خۆش بێ سەیارە و منداڵم بداتەوە ئەوجا تەڵاقی دەدەم. مەمنوونم داوای جیابوونەوەی بکا ئەگەر منداڵەکانم بداتەوە***]. لەم دوو بۆچوونە سەرەڕای ڕازینەبوونیان بە پێشنیازەکانی لێژنە، تێبینی دەکرێت جۆرێک لە کەموکوڕی هەبێت لە شێوازی بەڕێوەچوونی چاوپێکەوتنەکان و پرۆسەی چارەسەری کێشەکان لە لایەن لێژنەی ئاشتەوایی، چونکە ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ ژن و مێرد بەجیا، چارەسەری کێشەکە ناکات. ڕووبەڕووکردنەوەی هەردوولایان و

گفتوگۆکردن لەگەڵیان وەک هەوڵێک بۆ دۆزینەوەی خاڵی لاوازیان، ڕێگایەکی گونجاوە بۆ دۆزینەوەی هۆکارەکانی کێشەی نێوانیان و چارەسەرکردنی. کەیسی سێزدەم دەڵێت: [***ڕێنماییەکانمان بە دڵە، گوتیان: قسەی لەگەڵ دەکەین، بەس بە شازدە پیاو قەناعەتی نەهات، لێژنەش قسەی بکات بێ سوودە. پێشنیازی لێژنەکە ئەوەبوو ئەوراقمان بڕواتە مەحکەمەی، چونکە ناگەینە هیچ نەتیجەکی و چوار جار دانیشتوین***]. ئاماژەیەکی گرنگ لەم بۆچوونەدا هەیە ئەویش ئەوەیە کە یەکێک لە ئەرکەکانی توێژەری کۆمەڵایەتی بریتییە لە دروستکردنی ئومێد و هیوا لەلای ئەو کەسانەی کێشەیان هەیە، دواتر هەوڵدان بۆ دروستکردنی بڕوا و بەدەستهێنانی متمانەیان، تا دواجار بتوانێت کاریگەرییەک دروستبکات لەسەر نزیککردنەوەی شێوازی بیرکردنەوەیان، بۆ گەیشتن بە چارەسەر، پێش گەیشتنی کەیسەکان بە دادگا و کۆتاییپێهێنانی کێشەکان بە بڕیاری یاسایی. کەیسی چواردەم دەڵێت: [***لێژنە دەڵێت: بگەڕێنەوە لای یەک. من ڕازیبووم لەبەر منداڵەکان ئەگەر ئەو بیکات، بەس پیاوەکەم تەنازول ناکات، عینادە و قەناعەتی نییە، منیش نایکەم***]. جارێکی تر جیاوازی بۆچوونەکان دەبێتە ڕێگر لەبەردەم چارەسەرکردنی کێشەکان. سووربوونی هەردوو لا لەسەر مەرجەکانیان، زیاتر لێکدووریان دەخاتەوە، کە ئەمە ئەرکی لێژنەی ئاشتەواییە بازنەی جیاوازییەکانی نێوانیان بچووکبکاتەوە. کەیسی پازدەم دەڵێت: [***هەموو قسەکانی لێژنەکەم بە دڵ بوو، وا هەستمکرد لەناو خێزانی خۆمم. حەوت مانگە قسەی دڵم ڕاگرتبوو، ئێستا کردم. من گوتم: ژنی خۆم دەوێ، لێژنەش هەر لەگەڵ ئەو ڕایە بوو. ئەگەر جیابوونەوەی دەوێ مەحکەمە هەیە، بەس من تەڵاقی نادەم. لێژنەکە گوتیان: بانگی دەکەین و هەوڵی خۆمان دەدەین***]. دروستکردنی هەستی ئاسوودەیی و دڵنیایی لەلای گرفتار، پێویستییەکی گرنگ و ئەرکێکی پیشەیی توێژەری کۆمەڵایەتییە. ئەم هەستە یارمەتی دەدات تا بتوانێت بەبێ ترس و شەرم قسەکانی ناخی دەربڕێت، بەمەش

توێژەر باشتر دەتوانێت لە ئازار و کێشەکانی گرفتار تێبگات و هەوڵ بۆ دۆزینەوەی چارەسەریان بدات.

دەکرێت بڵێین نیوەی ئەم بۆچوونانە ئەرێنی و نیوەکەی تریان نەرێنین، سەبارەت بە ڕێنمایی و پێشنیازەکانی لێژنەی ئاشتەوایی، وەک هەوڵێک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان. ئەگەرچی بۆچوونی پارێزەرانی نموونەی توێژینەوەکە بەرانبەر بە ڕۆڵی لێژنەی ئاشتەوایی باشنەبوو، بەڵام ئەمانە سەیری ئەنجامی گشتیی پرۆسەکە دەکەن لە دادگادا، لە کاتێکدا کەیسەکان لەناو پرۆسەکەدان و هەر یەکێکیان بەپێی بارودۆخی تایبەتیی خۆیان، هەڵسەنگاندن بۆ ڕۆڵی توێژەری کۆمەڵایەتی و تەواوی لێژنەکە دەکەن. هەڵبەت جیاوازیی بارودۆخی کەیسەکانیش، تێڕوانینی جیاواز لەخۆیدەگرێت سەبارەت بە هەڵسەنگاندنەکە.

## ٢. پێشنیازەکان بۆ باشترکردنی ڕۆڵی لێژنەی ئاشتەوایی

پێشنیازی کەیسەکان بۆ باشترکردنی ڕۆڵی لێژنەی ئاشتەوایی، لەم خاڵانەدا دەخەینەڕوو:

أ- وەرگرتنی بەڵێننامە لە تۆمەتبار لە لایەن لێژنەی ئاشتەوایی، بە ئامانجی دووبارەنەبوونەوەی ڕوودانی کێشە لە نێوان دادخواز و تۆمەتبار.

ب- لە سەرەتای ژیانی هاوسەرگیری پێویستە لێژنەیەک هەبێت، خەڵک ڕێنمایی بکەن، فێری بەرپرسیارێتی خێزانییان بکەن، تاوەکو بتوانن بڕیاری دروست بدەن و کێشەکانیان چارەسەربکەن.

ت- پێویستە کاتی زیاتر تەرخانبکرێت بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ هەر کەیسێک.

ث- وا باشترە ئەم لیژنەیە جۆراوجۆرتر بێت لە بواری پسپۆڕیی ئەندامەکانی، بۆ نموونە: بوونی مامۆستایەکی ئاینی، یان کەسانێک کە توانای کاریگەری دروستکردنیان هەبێت.

ج- هەردوو لایەنی کەیسەکە لە لیژنەدا ڕووبەڕووی یەک بکرێنەوە، تا بتوانن بگەنە تێگەیشتن و چارەسەر.

## دووەم: خستنەڕووی ئەنجام، دەرئەنجام و پێشنیازەکانی توێژینەوەکە

### ١. ئەنجامە گشتییەکانی توێژینەوەکە

دوای خستنەڕووی تەواوی زانیارییە پێویستەکان، لەبەر ڕۆشنایی بۆچوونەکانی نموونەی توێژینەوەکە، بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشتووین:

a) توێژەری کۆمەڵایەتی لەناو دادگادا نەیتوانیوە بە شێوەیەکی کاریگەر ڕۆڵ ببینێت و ئەرکە یاساییەکانی بەپێی پێویست جێبەجێبکات. هۆکارەکانی ئەم بارودۆخە خودی، ماددی، بابەتی، یاسایی و کۆمەڵایەتین، وێڕای ئەمانە حکومەت بەرپرسییارە لە دابیننەکردنی تەواوی پێداویستییە پیشەییەکانی، هەروەها واقیعی کۆمەڵایەتی و ئاستی هۆشیاری و تێگەیشتنی هاووڵاتییان بۆ ڕۆڵ و بایەخی توێژەری کۆمەڵایەتی، لەو هۆکارانەن کە کاریگەریی نەرێنییان هەیە لەسەر سستیی ڕۆڵیان لە دادگادا.

b) ڕاپۆرتەکانی توێژەری کۆمەڵایەتی لە هەردوو دادگای باری کەسێتی و توندوتیژیی خێزانی لەبەرچاودەگیرێت و تاڕادەیەک گرنگی

یاساییان هەیە، بەڵام بۆ بڕیاری کۆتایی مەرج نییە دادگا پشتیان پێببەستێت. لە ڕووی ناوەڕۆکەوە، داڕشتن و شێوازی لێکۆڵینەوە و وەرگرتنی زانیاریی کەیسەکان کەموکورتییەکی زۆریان پێوە دیارە. زیاتر وەکو ڕێکارێکی یاسایی مامەڵە لەگەڵ نووسینی ڕاپۆرتەکان دەکرێت.

c) ژمارەی توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە دادگای باری کەسێتی، بەو ڕادەیە کەمە کە ناتوانن بە شێوەیەکی پێویست بە کەیسەکان ڕابگەن، گرنگی بە وردەکارییەکانی کێشەکان نادەن. وەکو فەرمانبەری ئاسایی سەریدەکرێن، ئەمەش بایەخنەدانی خودی دادگایە بە ڕۆڵی توێژەری کۆمەڵایەتی.

d) هۆکارەکانی سستیی ڕۆڵی لێژنەی ئاشتەوایی دەگەڕێنەوە بۆ: کەمئەزموونی و نەشارەزاییی ئەندامانی لێژنەکە. بایەخنەدان بە ڕۆڵیان لە ئاستی کۆمەڵگا و نەبوونی ئامادەباشی لە لایەن گرفتارەکان بۆ ئاشتەوایی و چارەسەرکردنی کێشەکانیان.

e) بە گشتی پێشنیازەکانی پارێزەرانی نموونەی توێژینەوەکە بۆ باشترکردنی ڕۆڵی توێژەری کۆمەڵایەتی لە دادگادا، ئەمانەن: زیادکردنی ژمارەیان. ئەنجامدانی چاوپێکەوتنی ورد لەگەڵ کەیسەکان، پێش نووسینی هەر ڕاپۆرتێک. بوونی چاودێرێک بۆ بەدواداچوون و هەڵسەنگاندنی ئەرک و ڕۆڵی توێژەری کۆمەڵایەتی و نەکەوتنە ژێر کاریگەریی دەستتێوەردانی دەرەکی. خولی ڕاهێنانی تیۆری و پراکتیکی پێویستییەکی گرنگە، وێڕای ئامادەباشی و ئارەزووی کەسی بۆ پیشەکە. دابینکردنی شوێنی گونجاو و پێداویستییە پیشەییەکانی جێبەجێکردنی پڕۆسەی چاوپێکەوتنەکان. پێویستە مەرجەکانی

کارکردنیان دیاریکراوبێت لە ڕووی تەمەن، ئەزموون و شارەزایی، هەروەها لە دادگاکانی کەتن و تاواندا ڕۆڵیان پێبدرێت.

f) بەبۆچوونی بەشێک لە کەیسەکانی لیژنەی ئاشتەوایی، ڕێنمایی و پێشنیازەکانی توێژەری کۆمەڵایەتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان گونجاو و جێگای ڕەزامەندین. پێشنیازیان بۆ باشترکردنی ڕۆڵی لیژنەکە بریتین لە: وەرگرتنی بەڵیننامە لە تۆمەتبار وەک مەرجی دووبارەنەکردنەوەی تاوان و کێشەی تر لە داهاتوودا. بوونی لیژنەیەک پێش ئەنجامدانی هاوسەرگیری کە ئەرکی پێدانی ڕێنمایی و ڕوونکردنەوەی بەرپرسیارێتی ژیانی خێزانی لەئەستۆبگرێت، بە مەبەستی کەمکردنەوەی قەبارەی کێشەکان و بڕیاردانی دروست لە ئەگەری ڕوودانی کێشەکاندا. تەرخانکردنی کاتی زیاتر بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ کەیسەکان و ڕووبەڕووکردنەوەیان لەگەڵ یەکتری بۆ گەیشتن بە چارەسەری کێشەکان. بواری پسپۆڕی ئەندامانی لیژنەکە فراوانتربکرێت لەگەڵ زەرورەتی بوونی مامۆستایانی ئاینی.

## ٢. دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە

وێڕای گرنگی و پێویستیی ئێستای هەرێمی کوردستان بە پیشەی توێژەری کۆمەڵایەتی، لە تەواوی بوارەکانی ژیان، کەچی ڕۆڵی بەپێی پێویست و لە ئاستی چاوەڕوانییەکان نییە. هەم خودی توێژەر، هەم حکومەتی هەرێمی کوردستان هۆکارن لە دروستکردنی ئەم وێناکردنە نەرێنییەی کە هەیە بەرانبەر بە ئەرک و ڕۆڵی توێژەری کۆمەڵایەتی. دادگاکانی باری کەسێتی و توندوتیژیی خێزانی ئەو شوێنانەن کە توێژەری کۆمەڵایەتی ڕۆڵی پیشەییی خۆی تیایاندا بەرجەستەدەکات، بەڵام

ڕۆڵێکی ناکاریگەر و پڕ لە کەموکورتی. تێنەگەیشتنی توێژەر لە ئەرک و بەرپرسیارێتیی پیشەیی خۆی، هەروەها گرنگینەدانی دادگاکان بەپێی پێویست بە ڕۆڵی، لە چارەسەرکردنی کێشە کەسی و خێزانییەکان، هێندەی تر ئەرکی سست و کەمبایەخ کردووە.

بەهەند وەرنەگرتنی ئەو ڕاپۆرتانەی کە توێژەری کۆمەڵایەتی دەربارەی کەیسەکان ئامادە و پێشکەشی دادگای دەکات، دابیننەکردنی شوێنێکی گونجاو کە شیاوی بەرپرسیارێتییە پیشەیی و ئاکارییەکانی توێژەری کۆمەڵایەتی بێت، تاوەکو بتوانێت لە کەشێکی ئارام و دڵنیاکەرەوە چاوپێکەوتن لەگەڵ کەیسەکانی ئەنجامبدات، کەمیی ژمارەیان بە تایبەتی لە دادگای باری کەسێتی، کە هۆکاری سەرەکییە لە گرنگینەدان بە کەیسەکان و ئەنجامنەدانی لێکۆڵینەوەی ورد و چڕ دەربارەی بارودۆخی ژیانیان و هۆکارەکانی کێشەکە و نەبوونی ڕێگاچارەی گونجاو بۆیان، هەموو ئەم ڕاستییانە ڕەوشی کارکردن و بەکەم سەیرکردنی ڕۆڵی توێژەری کۆمەڵایەتی نیشاندەدەن لە لایەن کۆمەڵگا بە گشتی و دادگان بە تایبەتی.

تا ئێستا ڕادەی هۆشیاری و تێگەیشتنی هاوڵاتییان لە کۆمەڵگای کوردی، لەو ئاستەدا نییە لیژنەیەک بۆ ئاشتەواییکردنەوە و توێژەری کۆمەڵایەتی بۆ ڕێنمایی و ئامۆژگاریکردن، پێویستی و سەرلیست بن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، پێش دادگاکان. سەرەڕای ئەمە، کەمئەزموونی لیژنەی ئاشتەوایی لە ڕووی ماوەی ساڵانی کارکردنی و شارەزاییی ئەندامەکانی، هەروەها دەستنیشاننەکردنی کۆمەڵێک مەرجی یاسایی و ئەکادیمی کە بۆ کارکردن لەم لیژنەیەدا پێویستن، وایانکردووە هەوڵەکانی سست دەرکەون.

## ٣. پێشنیازەکانی توێژینەوەکە

لە کۆتاییی ئەم توێژینەوەیەدا بە پێویستی دەزانین چەند پێشنیازێک بۆ لایەنی پەیوەندیدار بخەینەڕوو:

a) پێویستە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بە هەماهەنگیی وەزارەتی داد، گرنگی بدەن بە زیاتر بایەخپێدان و دەرخستنی ڕۆڵی توێژەری کۆمەڵایەتی لە دادگاکاندا. پیشەی توێژەری کۆمەڵایەتی، پیشەیەکی هەستیار و گرنگە، بەرپرسیارێتییەکی ئاکاریی گەورەیە. بڕیاردان لە چارەنووسی خێزانێک کارێکی وا سادە نییە، بە ڕاپۆرتێک و چاوپێکەوتنێکی 20-15 دەقیقەیی یەکلابکرێتەوە. هەر بڕیارێکی نادروست، کاریگەریی لەسەر خێزانەکان و کۆمەڵگا بە گشتی دەبێت.

b) پێویستە توێژەری کۆمەڵایەتی بایەخ بە توانا خودییەکانی بدات و لە ڕووی پیشەییەوە زیاتر خۆی ئامادەبکات، هەروەها شارەزایی زیاتر پەیدابکات دەربارەی پرۆسەکانی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی. مافی تەواو بە هەر کەیسێک بدات لە هەموو قۆناغەکانی پرۆسەکە، لە لێکۆڵینەوە و دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی کێشەکان ورد و بەئاگا بێت تا بگات بە چارەسەر و بڕیاری کۆتایی. لە بەدواداچوونی پاشینەی کەیسەکان بەردەوام بێت تا دڵنیادەبێتەوە لە چارەسەری تەواوی کێشەکان، هەڵبەت ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیەش پێویستی بە ماندووبوون و پشوودرێژیی توێژەری کۆمەڵایەتی هەیە، وێڕای دابینکردنی تەواوی پێداویستییە پیشەییەکان بۆی، کە بەشێکی گرنگی سەرکەوتنی پرۆسەکەن.

c) زیادکردنی ژمارەی توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە دادگاکانی باری کەسێتی و توندوتیژیی خێزانی، پێویستییەکی هەنووکەییە بۆ دۆخی ئێستای دادگاکان، تاوەکو بتوانن بەپێی پێویست گرنگی بە لێکۆڵینەوەی کەیسەکان بدەن. بابەتی بینینی کەیسەکان و ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکانیان تەنیا بەڕێکردنی ڕێکارێکی یاسایی و جێبەجێکردنی ئەرکێک نەبێت، بەڵکو پێویستە توێژەران خۆیان بە بەشێک لە کێشەی کەیسەکان بزانن و بە ئەمانەت و دڵسۆزییەوە پیشەکەیان جێبەجێبکەن.

d) لێژنەی ئاشتەوایی پێویستە کاتی زیاتر تەرخان بکەن بۆ لێکۆڵینەوە و هەوڵدان بۆ ئاشتەواییکردن. ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ ژن و مێردەکان، یان لایەنەکانی بەشداربووی کەیسەکان بەجیا لە سەرەتای پرۆسەکە کارێکی ئاساییە، بەڵام لە کۆتاییدا بۆ سەرخستنی پرۆسەکە و دۆزینەوەی خاڵی هاوبەشی نێوانیان، پێویستە پێکەوە گفتوگۆیان لەگەڵدا بکەن، هەرچەندە سووریش بن لەسەرئەوەی کە یەک نەبینن، بەڵام ئەمە پێویستییەکی حەتمیی پرۆسەکەیە. لێژنەی ئاشتەوایی پێویستە پەیوەندی بە کەسوکاری کەیسەکانیشەوە بکات، چونکە هەندێکجار دەستتێوەردانی خێزانەکان و کەسوکار هۆکاری دروستبوونی کێشەکانن، بۆیە ناکرێت ئەوان بخرێنە دەرەوەی بازنەی چاوپێکەوتنەکان.

e) پێویستە ڕێنمایی ژمارە (4)ی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەمواربکرێتەوە، بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکانی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و داد. بە تایبەتی ئەو خاڵەی کە جەخت لەسەر ماوەی ڕەوانەکردنی ڕاپۆرتی کۆتایی لێژنەی ئاشتەوایی

دەكات بۆ دادگا و لایەنی بەرپرس، تاوەكو زیاتر كاتیان هەبێت بۆ بەدواداچوون و لێكۆڵینەوەی كۆمەڵایەتی، چونكە پەلەكردن لە ئەنجامی كۆتایی ڕاپۆرتەكان، پەلەكردنە لە تەواوی پڕۆسەكە، دواجار چارەسەركردنیش ئەگەری هەیە ڕوونەدات، یان بە بڕیارێكی یاسایی بە زیانی لایەنێك یان هەردوو لایەنی كەیسەكان كۆتایی پێبێت.

**سەرچاوەکان**


- ابوعليان، بسام(2018) *الممارسة المهنية مع الافراد و العائلات-خدمة الفرد*، مأخوذ من شبكة الانترنت التالية: http://bassam79.blogspot.com/2018/10/blog-post_8.html[مأخوذ من 27أب2020]

- أحمد، گيلانی سيد(2010) *محاضرات في فن القضاء تطبيقات المحاكم المدنية*، ط2، أربيل: مطبعة منارة.

- ئەنجومەنی دادوەريی(2017،2018،2019) *ئاماری داواکانی بەردەم و یەکلاکراوەی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵەکانی 2017، 2018، 2019*،لەم تۆڕەی ئینتەرنێت وەرگیراوە لە: [28 ی کانونی یەکەمی 2021] http://www.krjc.org/Default.aspx?page=category&c=dad2020 :

- برهم، نضال عبداللطيف(2005) *الخدمات الاجتماعية*، عمان: مكتبة المجتمع العربي للنشر.

- بن عباس، ناصر بن محمد (2017) *المتطلبات المهنية للأخصائي الاجتماعي في المحاكم السعودية*، أطروحة دكتوراه، منشورة، الرياض: جامعة نايف العربية للعلوم الاجتماعية و الادارية.

- بطمة، امان(2018) *انواع المحاكم*، مأخوذ من شبكة الانترنت التالية: http://www.mawdoo3.com [مأخوذ من 25كانون الثاني 2020]

- بكر، عصمت عبدالمجيد (2015) *مبادیء البحث العلمي*، مكتبة زين الحقوقية و الادبية.

- التميمي، أحمد(2013) *اختصاصات محكمة الاحوال الشخصية,* مأخوذ من شبكة الانترنت: https://www.dorar-aliraq.net/threads/130119-[مأخوذ من 15شباط2020].

- جابر،آلاء (2018) *صفات الباحث الاجتماعي*، مأخوذ من شبكة الانترنت: https://mawdoo3.com/ [مأخوذ من 15شباط2020].

- ئەلحەسەن، ئیحسان محەمەد (2012) *ئینسایکلۆپیدیای کۆمەڵناسی*، و: مەلا حەسەن، دانا، سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

- حسن، زينب فلاح و عليوي، موح عراك(2018)*وسائل التواصل الاجتماعي و علاقتها بزيادة ظاهرة الطلاق-دراسة نظرية تحليلية*، مجلة جامعة بابل للعلوم الانسانية، مج:26، ع:9.

- دەرویش، بەناز اكرم (2020) بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان، 9ی شوبات، یەکشەممە. 11:30AM.

- ڕێنمایی ڕێکخستنی کاری بەشی سەنتەرەکانی ڕاوێژکاریی خێزانی لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان 2018 (ژ.4) هەولێر: وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان_عێراق.

- شوشاري، صلاح الدين محمد (2007) *الدليل العملي للمحامي*، عمان: دار الثقافة.

- شواني، محمد (2015) *سەرەتایەک بۆ نوسینی توێژینەوە لە کۆمەڵناسیدا*، هەولێر: کتێبخانەی فێربوون.

- الصديقي، سلوى عثمان(2012) *خدمة الفرد في محيط الخدمة الاجتماعية الاسس النظرية و الاتجاهات العملية*، الاسكندرية: المكتب الجامعي الحديث.

- عبدالخالق، جلال الدين(2008) *خدمة الفرد النظريات-التطبيقات*، الاسكندرية: المكتب الجامعي الحديث.

- العدساني، هبة (2017) *تحليل بيانات البحث النوعي: كيف أحلل بياناتي؟ أين أبدء؟* مأخوذ من شبكة الانترنت: http://www.educad.me/82402/ [مأخوذ من 15شباط2017].

- العزاوي، سالم جاسم محمد (2017) *البحث الكيفي في العلاقات العامة_دراسة تحليلية*، بغداد: جامعة بغداد.

- عليان, ربحي مصطفى و غنيم، عثمان محمد (2004) *أساليب البحث العلمي*، عمان: دار صفاء للنشر و التوزيع.

- قادر، ئەسرین زرار(2019) *رێگا سەرەکییەکانی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی*، هەولێر: نوسینگەی تەفسیر.

- قانون التنظيم القضائي العراقي، ١٩٧٩ (ر. ١٦٠) بغداد.

- قانون الاحوال الشخصية العراقية، 1959 (ر.188) بغداد.

- قانون خاصة بالبحث الاجتماعي في محاكم الاحوال الشخصية،1985 (ر.4) بغداد: وزارة العدل، مأخوذ من شبكة الانترنت:

http://WiKi.dorar-aliraq.net/iraqilaws/?p=7007.html
[مأخوذ من 29شباط 2020].

- القريشي، غني ناصر حسين (2014) *الطلاق بين الممكن والمحظور- دراسة اجتماعية تحليلية*، جامعة بابل.

- الكناني، ضياء كاظم (2011) *دور الباحث الأجتماعي في الحد من ظاهرة الطلاق*، مأخوذ من شبكة الانترنت: https://www.hjc.iq/view.943 [مأخوذ من 18شباط 2020].

- موحسنى، مەنوچێهر(2006) *دەروازەكانى كۆمەڵناسى*، و: سیوەیلی، ڕێبوار و ئەوانیتر، چ،2، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

- محمد، علاء (2018) *لبحث الاجتماعي.. أدوار مهمة في محاكم الأحوال الشخصية والأحداث*، بغداد: مأخوذ من شبكة الانترنت: https://www.hjc.iq/view.4546 [مأخوذ من 18شباط 2020].

- محەمەد، سەروین(2020) دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر/1، 5ی شوبات، چوارشەممە.12:00 PM.

- الهاشمي, السيد ملاك (2013) *دور الاخصائيين الاجتماعيين و النفسانيين في محاكم الاسرة*، المؤتمر الرابع لرؤساء المحاكم العليا بالدول العربية/ الدوحة_قطر، قطر: المركز العربي للبحوث القانونية و القضائية.

- الهادي، محمد محمد(1990) اساليب اعداد و توثيق البحوث العلمية، القاهرة: المكتبة الاكاديمية. نقلا عن: شرف الدين (2013) الملاحظة، الجزائر: جمعية الثقافية سعيد عتبة ورقلة. مأخوذ من شبكة الانترنت:

https://saidotba.mam9.com/t1687-topic [مأخوذ من 13نيسان 2021].

- *یاسای دەسەڵاتی دادوەریی لە هەرێمی کوردستان_عێراق*،2007 (ژ.23) هەولێر: ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان_عێراق.

- یاسای بەرەنگاربوونەوەی خێزان لە توندوتیژی لە هەرێمی کوردستان_عێراق 2011 (ژ. 8) هەولێر: بڕیاری پەرلەمانی کورستان_عێراق.

- Rank, Otto(1993)*THE TRAUMA OF BIRTH* ,t: Lieberman, E. James, Dover edition.

- Rank, Otto(1945) *WILL THERAPY*, t: Taft, Jessie, Pennsylvania School.

- *Report on protection of civilians in the Armed conflict in Iraq*, UNAMI-OHCHR 2015.

- Singh, K(2007) *Quantitative Social Research Methods*: SAGE publishing. Available from: Stephanie G.(2015) *Expert Sampling/Judgment Sampling Statistics How To*, https//www.statisticshoeto.datasciencecentral.com. [Accessed: 19th June 2019].

**پاشکۆی 1 پرسیارەکانی چاوپێکەوتن**

یەکەم: پرسیاری تایبەت بە پارێزەرانی دادگای باری کەسێتی

١. ڕۆڵی توێژەری کۆمەڵایەتی لەدادگای باری کەسێتی، چۆن هەڵدەسەنگێنن؟
٢. ئەو هۆکارانە چین کە کاریگەرییان لەسەر ڕۆڵی توێژەری کۆمەڵایەتی هەیە؟
٣. بۆچوونتان چییە سەبارەت بە کاریگەریی ڕاپۆرتی توێژەری کۆمەڵایەتی لەسەر بڕیارەکانی دادگا؟
٤. بۆچوونتان چییە سەبارەت بە ژمارەی توێژەری کۆمەڵایەتی لە دادگای باری کەسێتی؟
٥. ڕۆڵی لیژنەی ئاشتەوایی لە دادگای توندوتیژیی خێزانی، چۆن هەڵدەسەنگێنن؟
٦. پێشنیازتان چییە بۆ باشترکردنی ڕۆڵی توێژەری کۆمەڵایەتی لە هەردوو دادگادا؟

دووەم: پرسیاری تایبەت بە کەیسەکانی لیژنەی ئاشتەوایی لە دادگای توندوتیژیی خێزانی

١. بۆچوونتان چییە سەبارەت بە ڕێنمایی و پێشنیازەکانی توێژەری کۆمەڵایەتی لە لیژنەی ئاشتەوایی؟
٢. پێشنیازتان چییە بۆ باشترکردنی ڕۆڵی لیژنەی ئاشتەوایی؟

**الملخص**

في الوقت الذي لايستطيع القانون وحده حل المشاكل الاجتماعية، وخاصة عندما تكون تلك المشاكل متعلقة بالحياة الاسرية الداخلية، تزداد هنا اهمية الباحث الاجتماعي في شؤون المجتمع. هذه الدراسة تهدف الى معرفة كيفية قيام الباحث الاجتماعي بدوره المهني داخل المحاكم. لغرض ذلك، وبالاعتماد على النظرية الوظيفية لدى اوتو رانك و المنهج النوعي واستخدام وسائل الملاحظة واجراء المقابلات المنظمة مع عينة خبير تتكون من (١٠) محاميين في محكمة احوال الشخصية/ اربيل و(١٥) حالة في محكمة العنف الاسري/ اربيل، تم تقييم دور الباحث الاجتماعي في كلا المحكمتين المشار لهما اعلاه. ان المعلومات المدونة والتي هي اجابات على (٨) اسئلة مفتوحة، آخذين في الاعتبار الفروقات بين المجاميع المختلفة للعينة المدروسة، بإستخدام وسائل التحليل الموضوعي، حيث تم تحليل المجاميع نوعيا، وكانت نتائج تحليل المعلومات التي وصلنا لها، تشير بأن الشكل العام لدور الباحث الاجتماعي في المحاكم هو دور غير مؤثر وضعيف، وانهم رغم موقعهم القانوني داخل المحكمة، وتقاريرهم المهمة، الا انهم فعلياً لا يمتلكون سلطة القرار او التأثير، وهناك عوائق ذاتية ومادية وموضوعية قد سببت هذه الحالة. ومن الجدير بالذكر أيضا، ان لجنة المصالحة هي الاخرى لم تستطيع ان تكون في مستوى الطموح في كثير من الحالات، رغم ان في بعض الحالات المدروسة تعتبر استشاراتهم محاولاتهم للمصالحة بين الأطراف المتنازعة داخل المحكمة محل قبول ورضاهم.

الكلمات المفتاحية: الباحث الاجتماعي، صاحب المشكلة، محكمة الأحوال الشخصية، محكمة العنف الاسري.

**Abstract**

The role of social counselors is really crucial for society whenever the laws are not able to handle the social problems, especially if the problems are related to the family and private life. This study seeks to know how social counselors play their professional roles in the courts. The research utilized Functional Theory by Otto Rank and techniques of qualitative research. The analysis presented in this study is based on observation and semi-structured interview with a Expert sample, which consists of (10) lawyers in the personal status court/Erbil and (15) cases from the domestic violence court-Erbil. The role of the social counselors in both courts are evaluated from the participant's perspective. Taking the differences of both samples into consideration, the researcher utilized objective analysis techniques to conduct a qualitative analysis for the gathered data, which include answers of (8) open-ended questions for both samples. The findings of this research showed that the social counselors in the courts generally play a very weak and ineffective roles. Regardless of the legal validity of their reports, they do not have that power to make decisions in the courts. Subjective and objective obstacles are reasons behind this situation. Peace Committee has not met the requirements and expectations of some of the cases. However, its efforts and advices partially satisfied the rest of the sample.

Key words: Social Counselor, Client, Personal Status Court, Domestic Violence Court